



**کێشەی نەتەوەکانی دواکەوتوو لە ...** ٤



**نەشتەرگەریی یاسای بنەڕەتی و کورد** ٨



**میراتی باپیران یان ئەمانەتی نەوەکان!؟** ٩



**ئایا دووبەرەکی سازکردن لە نێو...** ١٠



**پێشانگایەک بۆ کتێب یا بۆ هزری پاوانخوازان** ١١


دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردستـــانی ئێـــران

ژمارە ٥٨١، یەکشەممە، ٣١ی بانەمەڕی ١٣٩١، ٢٠ی مای ٢٠١٢، ١٥٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com


### نارەزایەتی دەربڕینەکانی بەلووچستان چەندین کوژراو و بریندراری لێکەوتەوە

بەپێی راپۆرتی رادیۆ «کوچە»، دوای ئەوەی کە ١٥ کەس لە چالاکانی بەلووچ لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆری مەولەوی مستەفادا دەسبەسەر کران، شەڕ و تێکهەڵچوون لە نێوان خەڵکی بەلووچستان و هێزە ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی لە رێکەوتی ٢٦ی بانەمەڕی ١٣٩١ی هەتاوییەوە لە شاری سەربازدا دەستی پێکردووە و هەتا رۆژ هەینی، ٢٩ی بانەمەڕ درێژەی هەبووە.

ئەو تێکهەڵچوونانە لە دوو ناوچەی «جەکی گور» و «راسك» روویان داوە و پاش خۆپیشاندانی خەڵك لەسەر شەقامەکان، شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزە ئینتزامییەکاندا هاتۆتە ئاراوە و لە ئاکامدا ژمارەیەك کوژراون و بریندار بوون.

### پـەیـڤ

ئالان

## کەڵەکەبوونی ستەم لەسەر نەتەوەکانی ئێران

لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە، کەلێنی نێوان ناوەند و دەوروبەر، لە هەموو بوارەکاندا رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەقاودەق لەگەڵ جوغرافیای نەتەوەکاندا هاتۆتەوە و تەنانەت کەلێنە کۆمەڵایەتی و ئابورییە گشتگیرەکانیش بە شێوەیەك لەگەڵ ئەم نەخشەی دێموگرافیکە دێنەوە. بەو واتایە کە ستەم و هەڵاواردنە ئایینییەکانیش وەکوو دیاریی حکوومەتی دینفرۆشانی ویلایەتی فەقیە، لە زۆرێك لەم ناوچانەدا بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر لەگەڵ ستەمە نەتەوایەتییەکان لە هاوئاهەنگیدان. ئەم ستەمە دووقاتە دژ بە ئامانجگەلی هاوبەش، بەرەبەرە هەموو بوارەکانی لە ئابوورییەوە بگرە تا راگەیاندن، مافی مرۆڤ، ژینگە، پرێستیژی کۆمەڵایەتی یان تاکەکەسی و ...ی لەخۆ گرتووە و ئەم فاکتەرانەش هەرکامەیان لە جێی خۆیدا بوونەتە فاکتەرێکی شوێندانەر لە جوغرافیای دابەشکردنی ستەم و هەڵاواردندا.

نموونەی بەرچاوی ئەم ستەمانە دەتوانین لە بایەخنەدان بە وشکبوونی گۆلی ورمێ، وەکوو ژینگەیەکی قوربانیی ویستی داپڵۆسێنەری ستەمی نەتەوایەتی بۆ سەر دانیشتوانی دەڤەرەکەیدا ببینینەوە.

ئەمڕۆ جوغرافیای ئەیدز، جوغرافیای بێکاری، جوغرافیای خۆکوژی، جوغرافیای ئێعتیاد، جوغرافیای هەژاری و جوغرافیای توندوتیژیی دەوڵەتی لە ئێراندا بە شێوەیەکی باوەڕهەڵنەگر و تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ جوغرافیای نەتەوەکاندا دێنەوە، کە بێ گومان سیاسەتێکی پلانداڕێژراوی لە پشت خۆیەوە دەبینێت.

بە هەڵکەوت نیە کە بەلووچستان، ئیلام، کرماشان، خووزستان، سنە، لورستان، یاسووج، بجنوورد، تا رادەیەك هەر ئەو پارێزگا و دەڤەرانەن کە دانیشتوانیان لە ژێر ستەمی هاوکاتی نەتەوەیی، ئایینی، چینایەتی، میدیایی، و ... دان.

سەرکوتەکانی ئەم دواییانەی بەلووچستان و مەترسیی ئێعدامی شەش چالاکی عەرەبی ئەهوازی، هەر لە درێژەی رەوتی کەڵەکەبوونی ستەمەکان لە ناوچەکانی سەر بە نەتەوە بندەستەکاندایە کە بنەمای دەگەڕێتەوە بۆ دژایەتیی کۆماری ئیسلامی و شۆڤینیزمی ناوەندگرای ئێرانی لەگەڵ شوناس و داخوازە رەوا نەتەوەییەکانی ئەم خەڵکەدا. کەوابوو دەتوانین بڵێین هەموو ستەمە کەڵەکەکراوەکان وێڕای ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی لەم ناوچانەدا، لە راستیدا پرۆژەگەلێکن بۆ پتەوکردنی کۆڵەکەکانی سیاسەتی ئاپارتایدی نەتەوایەتیی زاڵ بەسەر ئێراندا و ئەوە یەکێك لە نهێنیەکانی دەقاودەقبوونی جوغرافیایی ستەمە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ یەکتر، لە کوردستان و ناوچەکانی دیکەی سەر بە نەتەوە بندەستەکانی ئێراندایە.

# مەترسیی ئێعدام لەسەر ٦ چالاکی عەرەبی ئەهوازی




رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی هۆشداری دا کە ٦ عەرەبی ئەهوازی لەگەڵ مەترسیی لەسێدارەدان بەرەوڕوون. ئەم رێکخراوە لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندووە کە ئەو شەش کەسە بە تۆمەتی دژایەتی لەگەڵ خوا (محاربە) مەترسیی ئێعدامیان لەسەرە. هەر لەو بەیاننامەیەدا هاتووە کە ئەو تۆمەتبارانە بڕیارە لە ٢٠ی مای لە لقی ٢ی «دادگای ئینقلاب»ی دێزفوول دادگایی بکرێن.

ناوی ئەو شەش کەسە بەپێی بەیاننامەی رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی بەم شێوەیە: موحەممەدعەلی عەمووری، وێبلاگنووس، رەحمان عەساکەرە، مامۆستای شیمی، هاشم شەعبانی، مامۆستای قوتابخانە، هادی راشێدی، مامۆستای قوتابخانە، سەیدجابر ئالبوشووکە و سەیدموختار ئالبووشووکە. هەر شەش کەسەکە خەڵکی شاری خەلەف ئاباد یان رامشیر لە ئۆستانی خوزستانن.

بەپێی وتەی شایەتحاڵان، ئەو شەش کەسە لە زیندانداندا ئەشکەنجە دراون و تووشی نەخۆشیگەلی جۆراوجۆر بوون. بەپێی بەیاننامەکە، ئەم شەش کەسە ساڵێك لەمەوبەر و لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی نارەزایەتییەکانی خەڵکی عەرەبی ئەهواز لە ساڵی ٢٠٠٥ و بەبێ راگەیاندنی تۆمەتێکی دیاریکراو لە ماڵەکانیان لە خەلەف ئاباد دەستبەسەر و دواتر راپێچی بەندیخانە کراون. بەپێی هەمان سەرچاوە، ئەوان بە هۆی پێوەندییان لەگەڵ چالاکانی عەرەبی ئێرانی لە ئەهواز دەستبەسەر کراون.

«لێبوردنی نێونەتەوەیی» رایگەیاندووە کە، ئەم شەش کەسە لە دادگاگەلێك کە ماوەکەی لە پێنج خولەك زیاتر نەبووە، تۆمەتی ناڕوونی «دژایەتی لەگەڵ خوا و گەندەڵ لەسەر زەوی» لە رێگەی «هەڵسوکەت دژی ئەمنییەتی میللی بە هۆی پێکهێنانی کۆبوونەوەی نایاسایی» و «تەبلیغ دژی نیزام»یان وەپاڵ داون. ئەم تۆمەتانە ئەوان دەخاتە بەردەم مەترسیی ئێعدام.

## یەکیەتیی عەرەبەکان، کۆماری ئیسلامی تووڕە کرد

گەڵاڵەی یەکیەتیی بەحرەین و عەرەبستان بووەتە هۆی پەرەپێدانی تەنگەژەی نێوان رێژیمی ئێران و دەوڵەتە عەرەبییەکان.

رۆژنامەی حکوومەتیی کەیهان رایگەیاند: «بەحرەین جگەرگۆشەی ئێرانە و لە باتی ئەوەی کە بلکێندرێ بە عەرەبستانەوە، دەبێ بگەڕێتەوە بۆ زێدی سەرەکیی خۆی واتە ئێران».

١٩٠ نوێنەری مەجلیسی کۆماری ئیسلامیش بە بڵاوکردنەوەی راگەیەندراوێك، گەڵاڵەی یەکیەتیی بەحرەین و عەرەبستانیان ئیدانە کرد. حوسێنعەلی شەهریاری، نوێنەری زاهێدان لە مەجلیسی رێژیمدا گوتوویەتی «ئەگەر بڕیارە رووداوێك لە بەحرەیندا روو بدات، بەحرەین مافی کۆماری ئیسلامییە، نەك عەرەبستان».

عەلی لاریجانی، سەرۆکی مەجلیسی شووراى ئیسلامی بە جەختکردنەوە لەسەر ئەم لێدوانە گوتوویەتی، بەحرەین پارووەیەك نیە کە بە ئاسانی بە گەرووی عەرەبستاندا بڕواتە خوار.

بەپێی راپۆرتی هەواڵنێریی فەڕانسە لە ریاز، دەوڵەتی عەرەبستان لە دژکردەوەیەکی توندا داوای لە رێژیمی تاران کردووە کە لەم چەشنە دەستێوەردانانە لە کاروباری پێوەندیدار بە عەرەبستان و بەحرەینەوە خۆی ببوێرێ.

سعوودئەلفەیسەڵ، وەزیری کاروباری دەرەوەی عەرەبستانی سعوودی رایگەیاند کە پرسەکانی پێوەندیدار بە عەرەبستان و بەحرەین، هیچ پێوەندییەکی بە رێژیمی تارانەوە نیە و ئەم رێژیمە باشترە لە کاروباری ئەم دوو وڵاتەدا دەستێوەردان نەکات.

شێخ خالید ئالی خەلیفە، وەزیری کاروباری دەرەوەی بەحرەینیش، ئێرانی بە دەستێوەردانی ئاشکرا لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتە تۆمەتبار کرد و ئەم دەستێوەردانەی بە توندی ئیدانە کرد.



## گوشارەکان بۆ سەر رێژیمی ئێران زیاتر دەبێ

مەجلیسی نوێنەرانی کونگرێسی ئامریکا، رۆژی سێشەممەی حەوتووی رابردوو بڕیارنامەیەکی خستە بەرباسەوە کە ئامانجەکەی بەستنی دەستی سەرکۆماریی ئامریکا لە پێوەندی لەگەڵ ئێرانە.

لەم بڕیارنامەدا لە سەرکۆماری داوا کراوە بە جەختکردنەوە لەسەر ناپەسندبوونی ئێرانێکی تەیار بە چەکوچۆڵی ناوکی، لەگەڵ هەر سیاسەتێکدا کە لە بەرامبەر مەترسیی ناوکی بوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تەنیا لەسەر بەربژاری «کونترۆڵ و گەمارۆ» جەخت بکاتەوە، دژایەتی بکات.

ئەم بڕیارنامەیە هەروەها هەر چەشنە سیاسەتێك کە لەسەر بنەمای «هەڵکردن و بەرتەسککردنەوەی ئێرانی ناوکی» بێ، بە شکستخواردوو دەزانێ. رەخنەگرانی ئەم بڕیارنامەیە لەو باوەڕەدان کە دەبێتە رێخۆشکەری شەڕ لەگەڵ رێژیمی ئێراندا.

هەروەها هەواڵدەریی رۆیتێرز لە راپۆرتێکدا لە ڤیەن رایگەیاند کە، ئێران سەرقاڵی وەگەڕخستنی سانتریفیوژگەلێکی نوێ لە دامەزراوە ژێرزەوینییەکانیەتی.

لە لایەکی دیکەوە، بەپێی راپۆرتی رادیۆ فەردا، بەپێی راپرسیی دامەزراوەی PEW، ٦٣ لەسەدی ئامریکاییەکان لایەنگریی بەکارهێنانی بەربژاری سەربازی بە دژی ئێرانن.

دانییەل شاپیرۆ، نێردراوی ئامریکا بۆ ئیسرائیل رایگەیاندووە، واشینگتۆن ئامادەیە کە لە حاڵەتی پێویستدا بۆ پێشگرتن لە دەستپێڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی، لە بەربژاری سەربازی کەڵك وەرگرێ و لە ئێستادا بەرنامەگەلێکی بۆ ئەگەری هێرش ئامادە کردووە.



## پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری بۆ ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی هەڵبژاردنی بەڕێز محەممەد فەرەج بۆ ئەمینداریی گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی ناوبراو کرد کە دەقی پەیامەکە بەمجۆرەیە:

زۆر بەڕێز کاك محەممەد فەرەج!
ئەمیندار گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان!
وێڕای سڵاو و حورمەت!

بە بۆنەی هەڵبژاردنی بەڕێزتان وەکوو ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە شەشەمین کۆنگرەی حیزبەکەتان، گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەش بە ئێوە و لە ڕێگای ئێوەشەوە پێشکەش بە هەموو ئەندامانی ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراو لەو کۆنگرەیە دەکەین.

هیواخوازین یەکگرتوو لە ژێر ڕێنوێنی و بەڕێوەبەریی جەنابتاندا هەروا چالاك بێ لە بواری پرسی نەتەوەیی و میانەڕەویی سیاسی کە هەتا ئێستا ڕێبازی پەسندکراوی یەکگرتووی ئیسلامی بووە. ئاواتمان سەرکەوتنتانە لەو ئەرکە گرینگە و لەم کاتە هەستیارەی کە بەسەر کوردستاندا تێپەڕ دەبێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری
١٦ی بانەمەڕی ١٣٩١ی هەتاوی
٥ی مەی ٢٠١٢ی زایینی

## پرسە و سەرەخۆشیی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی کۆچی دوایی «محەممەد موکری»



بە داخ و کەسەرێکی گرانەوە هەواڵی کۆچی دوایی نووسەری ناوداری کورد، «محەممەد موکری»مان پێگەیشت و گەلێك پێی خەمبار بووین. محەممەد موکری نووسەرێکی خاوەن ناو و ڕۆژنامەنووسێکی دەروەست و مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر بوو. ناوبراو کەسایەتیی بەرزی خۆی لە ڕێی ڕۆحە گەورەکەی و قەڵەمە دەروەستەکەی و مرۆڤدۆستی و نیشتمانپەروەرییەکەیەوە دەستەبەر کردبوو، هەر بۆیەش دڵنیاین کە باڵادەستیی لە نووسیندا و ڕۆحی هونەریی ئەو لە بەرهەمەکانیدا ئەو هەرمانییەی پێ بەخشیوە کە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بە ڕێزەوە یادی لێ بکرێتەوە.

بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووسە دەروەستە، پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەکەی و سەرجەم ڕۆژنامەنووسان و ئەدیبانی کوردستان دەکەین.

ڕۆحی شاد
کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## دوو هاووڵاتیی سنەیی بە هۆی تەقەی هێزە ئینتیزامییەکان کوژران

تەقەی هێزی ئینتیزامیی ڕێژیم لە ماشینێکی جۆری پەیکان، کوژرانی دوو هاووڵاتیی کوردی لێکەوتەوە. بەگوێرەی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی موکریان، ڕێکەوتی ٢٤ی بانەمەڕی ١٣٩١ی هەتاوی، بە هۆی تەقەی مەئمورێکی هێزی ئینتزامیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماشینی هاووڵاتییەکی کورد لە ڕێگای هەمەدان ـ مەلایر، دوو کەس بە ناوەکانی «هیوا فەتحی» و «موجتەبا زاهیدی» کوژران.

بەپێی ئەو سەرچاوە، موجتەبا زاهیدی دەستبەجێ گیانی لە دەست دا و هیوا فەتحیش پاش ڕاگواستن بۆ نەخۆشخانەی هەمەدان، بەهۆی توندی برینەکەی گیانی لەدەست داوە. پاش رادەستکردنەوەی تەرمی هیوا فەتحی بە بنەماڵەکەی، سەدان کەس لە هاووڵاتییانی سنەیی لە ئەسپەردەکردنی تەرمەکەیدا بەشدارییان کرد.

## مەرگی زیندانییەکی کورد لە زیندانی سنە

زیندانییەکی کورد لە زیندانی سنە بە هۆی نەخۆشی و پێڕانەگەیشتنی بەشی پزیشکیی زیندان، گیانی لەدەست دا. بەگوێرەی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی موکریان، سەرلەبەیانیی ڕێکەوتی ٢٠ی بانەمەڕی ١٣٩١ی هەتاوی، زیندانییەکی کورد بە ناوی «سامان ئەمینی» لە زیندانی سنە بە هۆی نەخۆشی گیانی لەدەست دا.

لە پێوەندییەکی تەلەفوونیدا، یەکێك لە هاوبەندییەکانی ناوبراو بە موکریانی ڕایگەیاندووە، سامان ئەمینی، خەڵکی سنە کە ماوەی ٦ مانگ بوو تووشی ئازاری مل ببوو، لە زیندانی ناوەندیی شاری سنە گیانی لە دەست دا.

بەپێی مادەی ١١٨ی ئاییننامەی بەڕێوەبەریی زیندانەکان، پێڕاگەیشتن و دەرمانی بەندکراوان لە ئەستۆی بەندیخانەیە.

## پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی بەستنی شەشەمین کۆنگرەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

بەڕێز لێژنەی باڵای ئامادەکاری شەشەمین کۆنگرەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان!
لەگەڵ سڵاو و ڕێزی دۆستانە!

دەعوەتنامەی بەڕێزتانمان لەسەر پەیام بۆ کۆنگرەکەتان پێ گەیشت، زۆر سپاسی هەستی دۆستایەتیتان دەکەین کە ئێمەتان بۆ شەشەمین کۆنگرەی خۆتان بەسەر کردۆتەوە.

لەو پێوەندییەدا گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش بە ئێوەی بەڕێز و نوێنەرانی کۆنگرە و لە ڕێگەی نوێنەرانی بەڕێزیشەوە لە سەرجەم جەماوەری یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەکەین. هیواداریین لە ژێر درووشمی دیاریکراوی کۆنگرەکەتان «لە پێناو نوێبوونەوەی دیدگاکان و گەشەپێدانی تواناکان و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی پەرەسەندوو و دەسەڵاتێکی عادڵانە»دا کە لە ئاکامی لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەیەکی ورد و هەمەلایەنەدا دیاری کراوە، کۆنگرەکەتان ڕەنگدانەوەی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ناوچە و خەبات دژی ڕێژیمە دیکتاتۆر و کۆنەپەرستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەرەگرتنی دێموکراسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێ. ئەم درووشمە ویست و داخوازییە سیاسی و مەدەنییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و هەوێنی پێکەوەژیانی گەلانی ئاشتیخواز و مافویستی پێوە دیارە، ئەمەیش خوێندنەوەیەکی واقیعبینانە و ئەوڕۆییە کە لە لایەن کۆمەڵی نێونەتەوەییشەوە پێشوازی لێدەکرێ. هیواداریین کۆنگرەکەتان بتوانێ بە گوێرەی توانا لە ڕاستای ئەم ئامانجانەدا هەنگاو هەڵبگرێ و سیاسەت و ڕێبازێك دەستنیشان بکا کە یارمەتی بە گەشەکردن و سەقامگیربوونی پتری دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە هەرێمی کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو دۆستێکی لەمێژینەتان هیوادارە کۆنگرەکەتان سەرکەوتووانە ئەرکەکانی بە ئەنجام بگەیەنێ و بڕیار و ڕاسپاردەکانی لە خزمەت بەرەوپێشچوونی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکەتاندا و هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بێت.

بە سپاسەوە
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١٢ی بانەمەڕی ١٣٩١ی هەتاوی
١ی مەی ٢٠١٢ زایینی

## بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات و یەکیەتی لاوان لە یادی لەسێدارەدراوەکانی ١٩ی بانەمەڕ

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەیئەتێکی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستان ئێران لە ڕێوڕەسمی یادی دوو ساڵەی لەسێدارەدراوەکانی ١٩ی بانەمەڕدا بەشدارییان کرد.

ڕێوڕەسمێك بە بۆنەی دووهەمین ساڵیادی لەسێدارەدراوەکانی ١٩ بانەمەڕ، ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٩ی بانەمەڕی ١٣٩١ی هەتاوی، لە هوڵی تەواری شاری سلێمانی بە بەشداریی کۆمەڵێك حیزب، ڕێکخراو و چالاکانی مەدنی لە لایەن « فێدراسیۆنی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی جیهان» لە سلێمانی بەڕێوەچوو. لە ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕ ١٣٨٩، مامۆستا فەرزاد کەمانگەر و چوار چالاکیی سیاسی و مەدەنی دیکە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ئێعدام کران.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و پاشان خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی بە تایبەت شەهیدانی ١٩ی بانەمەڕ دەستی پێکرد.

پاشان وتاری فێدراسیونی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی جیهان و وتاری بنەماڵەی شەهیدانی ١٩ی بانەمەڕ و وتاری کۆمەڵێك لە زیندانییانی سیاسی مەحکووم بە ئێعدام خوێندرانەوە. لە بڕگەیەکی دیکەدا پەیامی دەنگی و تەسویریی دایکی فەرزاد کەمانگەر و پەیامی منداڵەکانی فەرهاد وەکیلی نیشان دران و دواتر چەند بابەت و وتاری دیکە پێشکەش کران.

هەروەها لەو ڕێوڕەسمەدا بە مەبەستی کۆکردنەوی ئێمزا و داواکردن لە حیزب و ڕێکخراوە ناوچەیی و جیهانییەکان بۆ پێشگرتن لە بەڕێوەچوونی حوکمی ئێعدامی زیندانییانی سیاسی کورد لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کەمپەینێك ڕاگەیەندرا.

هەیئەتێکی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی بەڕێز محەممەد ساحیبی، بەرپرسی پێوەندییەکان لە سلێمانی و ئەندامی کومیتەی ناوەندی و هەروەها هەیئەتێکی کۆمیتەی یەکیەتیی لاوان لە سلێمانی لەو ڕێوڕەسمەدا بەشدارییان کرد.

## ئاژاوەنانەوەی ڕێژیم لە نێوان کورد و تورک لە شاری نەغەدە

ئیدارەی ئیتیلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە شاری نەغەدە بە گۆڕینی ناوی تابلۆکان لە کوردییەوە بۆ تورکی و بە پێچەوانەوە، ئاژاوە لە نێو خەڵکی ئەو شارە دروست دەکات. بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، لە شاری نەغەدە هەندێ کەسی سەر بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، دەستیان داوەتە سڕینەوەی تابلۆکان و ئەو تابلۆیانە کە ناوی کوردییان لەسەرە، دەکەن بە تورکی و بە پێچەوانەوە، تا بەو شێوەیە لە شاری نەغەدەدا پشێوی و ئاڵۆزی لە نێوان دوو نەتەوەی کورد و تورك. درووست بکەن.

بەپێی ئەم راپۆرتە، لەسەر زۆربەی تابلۆکانی نەغەدە ناوی «سولدووز»دەنووسن تا بەو شێوە کوردەکان تووڕە بکەن و هەروەها بە ڕەشکردنەوەی «سلدووز» و نووسینی «سندووس»، هەستی تورکەکان بریندار دەکەن.

بە بڕوای کوردەکان، ناوی کەونارایی شاری نەغەدە، «سندووس»ە و تورکەکانیش لەو بڕوایەدان کە ناوی ئەو شارە «سلدووز»ە. ڕێژیمی ئێرانیش لەو هەلە کەڵکی خراپ وەردەگرێت و بە گۆڕینی ناوەکان، دەیهەوێ ئاژاوە لە نێوان ئەو دوو نەتەوە لەو شارە دروست بکات.

لە بەهاری ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بە فیتنەیەکی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە نێوان هەر دوو نەتەوەی کورد و تورکی نەغەدە شەڕێکی قورس هاتە ئاراوە و ژمارەیەکی زۆر لە هەر دوو نەتەوە لەو شەڕەدا بوون بە قوربانیی سیاسەتە دژی گەلییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران.

نەتەوەی تورك و کورد لە بواری حەشیمەتەوە، پاش فارسەکان، دووهەم و سێیەم نەتەوە لە ئێراندان و ڕێژیمی ئێران بەردەوام ئاڵۆزی لە نێوان ئەو نەتەوانە درووست دەکات تا بەو شێوەیە پێش بە یەکگرتووییان لە دژی ڕێژیم بگرێ.

## کچێک لە ناوچەی ژاوەرۆی سنە خۆی سووتاند

کچێکی تەمەن ٢٢ ساڵەی خەڵکی ئاوایی «شیان»، هەڵکەوتوو لە ناوچەی ژاوەرۆی سنە خۆی سووتاند و لە ئەنجامدا هەر ئەوەش بووە هۆی گیان لەدەستدانی. شاناز ڕەحمانی، تەمەن ٢٢ ساڵ حەوتوویەك لەمەوبەر خۆی سووتاند و دوای سێ ڕۆژ بە هۆی زۆریی پلەی سووتانەکەی لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شاری سنە گیانی لەدەست دا.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو لە لایەن ڕێکخراوی پشتیوانی لە مافی مرۆڤی کوردستان بە ئاژانسی کوردپا، ئەو کچە تەمەن ٢٢ ساڵەیە بە هۆی کێشە لەگەڵ باوکی خۆی سووتاندووە.

بەپێی ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لە سەرەتای ساڵی ١٣٩١ و لە ماوەی نزیك بە ٦٠ ڕۆژی رابردوودا لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران ١١ هاووڵاتیی کورد بە هۆی جۆراوجۆر دەستیان داوەتە خۆکوژی.

ئەو ئامارە بە پشتبەستن بە ناوەندی ئاماری ئاژانسی کوردپا بڵاو کراوەتەوە و دەکرێ ئاماری ڕاستەقینە لەو ڕێژەیەش زیاتر بێت.

بەپێی توێژینەوەیەك کە ڕێکخراوی ژنانی بانە لە پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان و کوردستان ئەنجامیان داوە، باوترین شێوازی خۆکوژی کە ژنانی کورد لەو ناوچانە بەکاری دەهێنن، خۆسووتاندنە.

بەپێی هەمان توێژینەوە، دەکرێ هۆکارەکانی وەك: نەریتی بوونی کۆمەڵگا، لە خوارەوەبوونی ڕێژەی خوێندەواری، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، جێنەکەوتنی شارنشینی وەکوو دیاردەی مۆدێڕن، پیاوسالارانەبوونی کۆمەڵگا، بێکاری و هەژاری و کێشەی بنەماڵەیی زەمینەکانی پەرەسەندنی دیاردەی خۆکوژی و خۆسووتاندن بن.


## کچێکی کورد لە ورمێ دەستی دایە خۆکوژی و گیانی لەدەست دا

کچێکی تەمەن ١٧ ساڵانی کورد لە ناوچەی سۆمای برادۆستی سەر بە شاری ورمێ دەستی دایە خۆکوژی و گیانی لەدەست دا. بەپێی راپۆرتی هەواڵنێری ئاژانسی کوردپا، کچێکی تەمەن ١٧ ساڵانی کورد بە ناوی «تورکەمان»، دانیشتووی گوندی «دۆستان»ی سەر بە ناوچەی سۆمای برادۆست ڕێکەوتی ٢٤ی بانەمەڕ بە هۆی سووکایەتی و بێحورمەتی لە لایەن باوکییەوە دەستی داوەتە خۆکوژی و دەستبەجێ گیانی لەدەست داوە. هەواڵنێری کوردپا ئاماژەی بەوەش داوە، ئەو کچە لە حاڵێکدا خۆی ڕازاندۆتەوە و ویستوویە لە ماڵ بڕواتە دەرەوە، لە لایەن باوکییەوە سووکایەتی پێکراوە، هەر بۆیە پاش گەڕانەوە بۆ ماڵ بە چەکی ڕاو خۆی کوشتووە.

کێشەی بنەماڵەیی و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە پەرەسەندندان و زۆر جار ئەو کێشانە بەرەنجامی خراپی وەك خۆکوژی و دیاردەی دیکەی لێدەکەوێتەوە.

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئـێران**

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات بە تەقەی هێزە نیزامییەکان گیانی لە دەست دا



ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی شنۆ بە هۆی تەقەی هێزەکانی رێژیم گیانی لەدەست دا. ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی «یووسف مەعرووفی»، کوڕی عەبدوڵڵا، خەڵکی «سێداوێ»ی سەر بە شاری شنۆ رێکەوتی ٢٥ی بانەمەڕی ١٣٩١ی هەتاوی بە هۆی تەقەی راستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران، گیانی لەدەست دا.
یووسف مەعرووفی خاوەنی ژن و منداڵ بوو و بۆ سیاحەت و کۆکردنەوەی گیای خوراکی رووی لە شاخەکانی دەوروبەری شاری شنۆ کردبوو. بەپێی وتەی هاووڵاتییانی ئەو ناوچەیە، هێزەکانی رێژیم ئیزنی ناشتنی تەرمی یووسف مەعرووفییان لە رۆژدا نەداوە و هەڕەشەیان لە بنەماڵەی ناوبراو کردووە کە دەبێ بە شەو بینێژن.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پرسە و سەرەخۆشیی خۆی ئاراستە بنەماڵە و کەسوکاری کاك یوسف مەعرووفی دەکات و خۆی بە شەریك و بەشداریی خەمیان دەزانێت.

هاووڵاتییەکی سەقزی بە ناوی «سمکۆ خورشیدی» سزای سێدارەی بە سەردا سەپا. بەگوێرەی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی موکریان، هاووڵاتییەکی سەقزی بە ناوی «سمکۆ خورشیدی» کە ماوەی یەك ساڵە دەسبەسەر کراوە، بە تۆمەتی دژایەتی لەگەڵ خوا، دەرگیریی چەکدارانە و لایەنگری لە پارتێکی دژبەری رێژیمی ئیسلامیی ئێران، سزای سێدارەی بەسەردا سەپاوە.
بەپێی ئەم راپۆرتە و بە پشتبەستن بە وتەکانی سمکۆ خورشیدی، سەرلەبەیانیی رۆژی ٢٠ی بانەمەڕی ١٣٩١ی هەتاوی، حوکمی سزای سێدارە بەسەر ناوبراودا سەپاوە و ٢٠ رۆژ دەرفەتی پێ دراوە هەتا نارەزایەتیی خۆی لە هەمبەر ئەو حوکمە دەرببڕێ.
سمکۆ خورشیدی لە خاکەلێوەی ١٣٩٠ی هەتاوی لە تاران دەسبەسەر و پاش ماوەیەك راگیران لە زیندانی سنە، بۆ زیندانی ناوەندیی شاری سەقز راگوێزراوە.

## داگیرکردنی سەیرانگایەکی دیکەی مەریوان لە لایەن سپای پاسدارانەوە

سپای پاسدارانی رێژیم، یەکێکی دیکە لە سەیرانگاکانی مەریوان لە دەوروبەری گۆلی زرێباری داگیر کردووە. سپای پاسدارانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران، هێزێکی زۆری لە سەیرانگای «دەشتی کۆڵان»، لە نزیك زرێبار جێگیر کردووە و هاتوچۆی لایەنگرانی سرووشت و هاووڵاتییان بۆ ئەو شوێنەی قەدەغە کردووە و هەر چەشنە هاتوچۆیەك کونترۆڵ دەکات.
لەم پێوەندییەدا سپای پاسداران مۆنۆمێنتێکی بە بۆنەی «تێکهەڵچوونی هێزەکانی رێژیمی ئێران و رێژیمی بەعسی عێراق لە ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی» لە نزیك ئەو سەیرانگایە داناوە. هەروەها رێژیم ئیسلامیی ئێران سەیرانگای «قەڵاخانی». لە گوندی «دەرەکێ» لە ناوچەی هەورامانی تەختی، لە ژێر کۆنترۆڵی خۆی داناوە.
لەم دواییانەدا سپای پاسدارانی رێژیمی ئێران، بورجەکی نیزامی لە سەیرانگاکانی مەریوان درووست کردووە و هاتوچۆی هاووڵاتییان بۆ ئەو شوێنانە کونترۆڵ دەکات. هەروەها بەپیی ئەم راپۆرتە، رێژیم لە کردەوەیەکدا دەیهەوێ بە درووستکردنی شارەکی پیشەسازی لە «دەشتی بیلوو» لە شاری مەریوان، ئەو سەیرانگایە لەنێو ببات.

## سزای ٣٠ ساڵ زیندان بۆ هاووڵاتییەکی بانەیی

هاووڵاتییەکی بانەیی بە ناوی «موتەلیب ئەحمەدیان» لە لایەن دادگای سەقزەوە سزای ٣٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا. بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی موکریان، هاووڵاتییەکی بانەیی کە ٢ ساڵ پێش ئێستا لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە دەسبەسەر و راپێچی بەندیخانە کرابوو، لە لایەن «دادگای شۆڕشی ئیسلامیی سەقز»ەوە بە تۆمەتی هاوکاریی حیزبێکی دژبەری رێژیمی ئێران، سزای ٣٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاوە.
ناوبراو ماوەیەك لە ژووری تاکەکەسیی زینداندا بووە و ئێستاش لە زیندانی ناوەندیی شاری سەقز ماوەی حوکمەکەی تێپەڕ دەکات.

## سێ زیندانیی سیاسیی کورد چارەنووسیان نادیارە

سێ زیندانیی سیاسیی کورد دوای تێپەڕینی نزیك بە ٤ ساڵ لە دەستبەسەرکرانیان، هەتا ئێستا چارەنووسیان نادیارە. جەمیل بارز، شاهێد بەهرامی و ئاسۆ میرزایی لە رێکەوتی ٨ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٧ەوە لە شاری مەریوان لە لایەن هێزەکانی سەر بە ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی حکوومەتی ئێرانەوە دەستبەسەر کراون و لەو کاتەوە هەتا ئێستا چارەنووسیان نادیارە.
چالاکانی مافی مرۆڤ و دێموکراسی لە ئێران بڵاوی کردەوە، بنەماڵەی ئەو سێ هاووڵاتییە رایانگەیاندووە «لە ماوەی ئەو ٤ ساڵەدا سەردانی چەندین ناوەندی ئەمنییەتیمان کردووە، بەڵام لە لایەن لێپرسراوانی ئەو ناوەندانەوە لەمەڕ چارەنووسی ئەو سێ زیندانییە سیاسییە هیچ وڵامێکمان پێ نەدراوەتەوە.» سەرچاوەکە ئاشکراشی کرد، ئەو سێ هاووڵاتییە لە ئەنجامی زەخت و گوشاری هێزە ئەمنییەتییەکان بە ناچاری وڵات بەجێ دەهێڵێن و دوای ماوەیەك دەگەڕێنەوە شاری مەریوان.
ئەو سێ کەسە دوابەدوای گەڕانەوەیان لە لایەن هێزەکانی سەر بە ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە دەستبەسەر کرابوون و لەو کاتەوە هەتا ئێستا هیچ هەواڵێك لەمەڕ چارەنووسیان لەبەر دەستدا نیە.

## کۆچی دوایی دایکی دوو شەهیدی رێگای ئازادیی کوردستان لە شاری ورمێ

دایکی دوو شەهیدی رێگای رزگاریی کوردستان لە ناوچەی ورمێ، لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. دایە «ئاسمین ئەمینی»، کچی حەسەن، خەڵکی «دزەی سیاووش»ی سەر بە شاری ورمێ و دایکی شەهیدان جەمشید و تاهیر ئەسەدی، رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی ٢٠ی بانەمەڕی ١٣٩١ی هەتاوی، لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا بە هۆی پیری و نەخۆشی لە شاری ورمێ کۆچی دوایی کرد.
شەهید جەمشید ئەسەدی یەکێك لە فەرماندەکانی ئەوکاتی هێزی «شەهید نحۆ» بوو کە لە ناوچەی ورمێ بەرپرسایەتیی زۆر شەڕی بەناوبانگی لە ئەستۆ بووە و لە زۆر شەڕدا بەشداریی چالاکانە و قارەمانانەی کردووە. لە شەڕەکانی ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و هەروەها ناوچەی «کناربەرۆژ»ی سەر بە شاری ورمێ و گرتنی پاسگاکانی رێژیم لە گوندی «قرنێسە»دا بەشداری کردووە.
دایە ئاسمین هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی هەمیشە ئەڤینداری رێبازی پێشمەرگە بوو و ئاواتی هەرەگەورەی رزگاریی گەل و نیشتمانەکەی بوو.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی دایە ئاسمین ئەمینی سەرەخۆشی گەرمی خۆی ئاراستەی بنەماڵە و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریك و بەشداریی خەمیان دەزانێت.

## کۆچی دوایی باوکی شەهیدێکی کوردستان لە پیرانشار

« قادر کامەلا»، باوکی شەهید «رەحمان کامەلا»، خەڵکی گوندی «کێلێ»ی ناوچەی لاجانی پیرانشار، سەرلەبەیانی سێشەممە، رێکەوتی ١٩ی بانەمەڕی ١٣٩١ی هەتاوی، بە هۆی نەخۆشی لە نەخۆشخانەی شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد.
شەهید «رەحمان کامەلا»، کوڕی «مام قادر»، پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە لە گوندی «زەنگیاوێ» لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگە کەوتە نێو بۆسەی دوژمن و پاش بریندار بوون، بە هۆی قورسی برینەکەی تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو.
تەرمی مام قادر لە تەنیشت کوڕەکەی لە گۆڕستانی «شەهید فاتمە» لە گوندی «کێلێ» لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بەخاك سپێردرا.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی مام قادر دەکات و خۆی بە بەشداریی خەمیان دەزانێت.

## کۆچی دوایی ئەندامێکی دێرینی حیزبی دێموکراتی

ئەندامیکی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجە لە ناوچەی مەریوان کۆچی دوایی کرد. ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی «مەعرووف عەباسی»، کوڕی عەلی محەممەد و خەڵکی گوندی «شیان»ی سەر بە مەریوان، رێکەوتی ١٤ی بانەمەڕی ١٣٩١ی هەتاوی، بە هۆی نەخۆشی لە نەخۆشخانەی تەوحیدی شاری سنە کۆچی دوایی کرد. مەعرووف عەباسی، لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گرت و لە ساڵی ١٣٦٢ لە لایەن رێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە بۆ ماوەی ٤ مانگ دەسبەسەر کرا. هەروەها دیسان لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزب بۆ ماوەی ٦ مانگ لە ژووری تاکەکەسی دەسبەسەر کرا. کاك مەعرووف لە ماوەی دەسبەسەرکردنیدا لە لایەن دەستوپێوەندییەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە بە توندی و بێبەزەییانە ئەشکەنجە کرا و لە ئاکامدا تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بوو هەر بە هۆی ئەو نەخۆشییەوە گیانی لە دەست دا.
حیزبی دێموکراتی کوردستان، پرسە و سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵە و کەسوکاری مەعرووف عەباسی دەکات و خۆی بە شەریك و بەشداریی خەمیان دەزانێت.

## کۆچی دوایی کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و باوکی شەهیدێکی رێگای رزگاریی کوردستان لە ناوچەی ورمێ




کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و باوکی شەهیدێکی رێگای رزگاری و سەربەستیی کوردستان لە تەمەنی ٩١ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. «قوچعەلی نەبیزادە»، کەسایەتیی نیشتمانپەروەر و خەڵکی گوندی «دەلوو»ی سەر بە شاری ورمێ رێکەوتی ١٩ی بانەمەڕی ١٣٩١ی هەتاوی لە تەمەنی ٩١ی ساڵیدا بە هۆی پیری و نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.
قوچعەلی کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و یەکێك لە پشتیوانانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەمیشە وەك مرۆڤێکی جێگای باوەڕ، یار و یاریدەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو و هەمیشە ماڵەکەیان شوێنی حەوانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە. قوچعەلی نەبیزادە هەر بە هۆی هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانە، ماوەیەك لە ژیانی لە زیندانەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێراندا تێپەڕاند.
قوچعەلی نەبیزادە لە ناوچەکانی دۆڵ و ئەنزەلی سەر بە شاری ورمێ وەك کەسایەتییەکی جێگای باوەڕ و لە نێو خەڵکدا خاوەن رێز و حورمەتێکی تایبەت بوو. هەروەها کوڕێکی قوچعەلی نەبیزادە لە نێو هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەهید بوو.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی قوچعەلی نەبیزادە سەرەخۆشی گەرمی خۆی ئاراستەی بنەماڵە و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریك و بەشداریی خەمیان دەزانێت.

## کۆچی دوایی هاوسەری شەهیدێکی رێگای رزگایی کوردستان لە شاری کامیاران

هاوسەری شەهیدێکی رێگای رزگاریی کوردستان لە ناوچەی کامیاران لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی ٢٤ی بانەمەڕی ١٣٩١ی هەتاوی، دایە «زەینەب نوسرەتی»، خێزانی شەهیدی رێگای رزگاری «محەممەد کەریم نوسرەتی» لە ئاوایی «نەسرەت ئاوای» سەر بە شاری کامیاران، لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد.
دایە زەینەب پاش شەهیدبوونی مێردەکەی چەندین جار بە هۆی هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی لە لایەن هێزەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران دەستبەسەر کرا و هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی لەسەر رێبازی مێردی شەهیدی سوور و پێداگر بوو.
جێگای ئاماژەیە، شەهید محەممەد کەریم نوسرەتی لە رێکەوتی ١٣٦٠/٠٢/١٢ی هەتاوی، لە «گەزگەزارە» لە شەرێکی نابەرانبەر لەگەڵ هێزەکانی رێژیمدا شەهید بوو و هەر لەو شوێنە بە خاکی نیشتمان سپێردرا.
حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەرەخۆشیی گەرمی خۆی ئاراستەی بنەماڵە و کەسوکاری دایە زەینەب دەکات و خۆی بە شەریك و بەشداریی خەمیان دەزانێت.

## کۆچی دوایی دایکی سێ شەهیدی رێگای رزگاریی کوردستان لە ناوچەی ماکۆ



دایکی سێ شەهیدی رێگای سەربەستی و رزگاریی کوردستان لە ناوچەی ماکۆ لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.
دایە «خانێ حەسەنزادە»، دایکی شەهیدان «ئیبراهیم حەسەنزادە»، «گوڵێ حەسەنزادە» و «حەسەن حەسەنزادە» خەڵکی گوندی «یارمق»ی سەر بە شاری ماکۆ، رێکەوتی ١٨ی بانەمەڕی ١٣٩١ی هەتاوی، لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا بە هۆی پیری و نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.
دایە خانێ حەسەنزادە لە بنەماڵەیەکی گەورە و نیشتمانپەروەری شاری ماکۆ لە دایك بووە و بنەماڵەی ناوبراو هەمیشە رۆڵێکی چالاکیان لە بزاڤی میللی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستاندا هەبووە. لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێراندا لە ساڵی ١٣٥٧ هەتا١٣٦٣ ماڵەکەیان لە گوندی یارمق، بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.
مێردی دایە خانێ واتە حاجی عەبدوڵڵا ناسراو بە حاجی «عەڤدۆ» بە هۆکاری پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناچار پاش داگیرکردنی کوردستان بە دەست هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران پەڕیوەی کوردستانی تورکیە بوو.
کوڕە گەورەکەی دایە خانێ، «حەسەن حەسەنزادە» فەرماندەری بەوەج و ئازای هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوچەی ماکۆ بوو کە دوو ساڵ بەر لە ئێستا لە وڵاتی فینلاند کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی پاش گەڕاندنەوە بۆ ئێران لە لایەن ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە گۆڕستانی گوندی یارمق رفێندرا.
هەروەها دوو جگەرگۆشەی دایە خانێ بە ناوەکانی «ئیبراهیم حەسەنزادە» کە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و «گوڵێ حەسەنزادە» بە دەست هێزەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران شەهید کران.
دایە خانێ هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی بە ئامانجە بەرزەکانی حیزب و نەتەوەی کورد وەفادار مایەوە و سەرەڕای هەموو ئەو نەهامەتییانەی کە بەسەر بنەماڵەکەیاندا هاتووە، هەمیشە شانازی بەوە دەکرد کە منداڵەکانی لە رێگای شەرەف و کەرامەتی نەتەوەی خۆیان شەهید بوون.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی دایە خانێ سەرەخۆشیی گەرمی خۆی ئاراستەی بنەماڵە و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریك و بەشداریی خەمیان دەزانێت.

کوردستان

# مستەفا هیجری:

## کێشەی نەتەوەکانی دواکەوتوو لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەتایبەتی کێشەی دیکتاتۆریەتە

بەشی دووهەم و کۆتایی

گۆڤاری «کەوانە» وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەمەڕ بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە گشتی و بارودۆخی ناوچەکە پێك هێناوە. لەبەر گرینگی تەوەرەکانی وتووێژەکە، «کوردستان» بە پێویستی زانی بڵاوی بکاتەوە کە سەرنجی خوێنەرانی بەڕێزی بۆ بەشی دووهەمی رادەکێشین.

کەوانە: ئایا بیر لەوە کراوەتەوە کە ژنان لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بەشدار بن؟

مستەفا هجری: کاتێك ئێمە باس لە سیستمی دیکتاتۆری دەکەین، لە سیستمی دیکتاتۆریدا هەموو شتێك تێك دراوە، هەموو فەرهەنگ و کولتوور و بایەخەکان تێك دراون، تۆ چاو لێبکە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەموو شتێك تێك دراوە، بێجگە لە گرووپێکی بچووك کە بڕوایان بە شێعەی ویلایەتی فەقیهە، لە دەوری وەلیی فەقیهدا کۆ بوونەتەوە باقی خەڵکی ئیتر بێ بایەخە، هەمووومان لە بیرمانە کە لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری بە خەڵکی ناڕازی دەوت پووش و پەڵاش، پێی دەوتن گوێرەکە، لە سیستمێکی وادا و لە فەرهەنگێکی وادا کە بە داخەوە ساڵەهای ساڵە درێژەی هەیە، نە پیاو مافی خۆی هەیە، نە ژن، نە لاو، نە پیر، نە منداڵ، هیچ کەسێك مافە ئینسانییەکەی ناپارێزرێت، بەتایبەتی ژنان کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی کولتوورەکەی دژی ژنە، لە باری ئایینییەوە و بنەماڵەییەوە دەچەوسێنەوە. نەیانتوانیوە بەو هۆیانەوە ئەو جۆرەی کە پێویستە بەشداری بکەن لە چالاکی و تێکۆشانە سیاسییەکان، مەبەستم ئەوە نیە کە تێیدا بەشدار نین، بەڵام دەڵێم بەو جۆرەی کە پێویستە نەیانتوانیوە، دەنا ئێمە لە ناو ژنانیشدا ژنی زۆر تێکۆشەر و چالاکمان هەبووە لە ریزی حیزبە سیاسییەکانی کوردی ئێران، لە ناو هونەرمەندان، لە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، لە ئاستی رێبەرایەتی و بڕیارداندا ژنان بەشدارن، بەڵام ئەوە بەس نیە، پێ بە پێی ئەوەی دێموکراسی لە ناوچەکەدا دەچێتە پێشەوە، بێگومان ژنانیش زیاتر دەوریان دەردەکەوێ، کاریگەرییان زیاتر دەردەکەوێ، زیاتر دەتوانن لە بڕیارداندا، لە مەرکەزی بڕیارداندا، لە هەڵسووڕاندنی کاروباری وڵاتدا بەشداری بکەن، بەڵام هەمووی ئەوانە بەستراوەتەوە بە بەرەوپێشچوونی دێموکراسی، واتە ئەگەری نیە ژن بتوانێ بە مافەکانی خۆی بگات، جیا لەوەی کە دەبێ حکوومەت بگۆڕێ و حکوومەتێکی دێموکراتیك بێتە سەر کار. مەبەستم ئەوە نیە کە دەبێ ژن راوەستێ چالاکی نەکا بۆ مافەکانی خۆی هەتاکوو حکوومەتی دێموکراتیك دادەمەزرێ، بەڵکوو مەبەستەکەم ئەوەیە کە ژنانی ئێستا لە دوو لایەنەوە ئەرکیان لە سەر شانە کە خەبات بکەن، یەك خەباتێکی سیاسی شان بە شانی پیاوان و هەموو ئازادیخوازانی ئێران و کوردەکان بۆ گۆڕینی حکوومەت و هێنانەکایەی حکوومەتێکی دێموکراتیك و لە لایەکی دیکەوە خەبات بۆ ئەو مافانەی خۆیان کە وەکوو ژن پێشێل کراوە بە زۆر هۆکار، بەڵام ئەوەی کە رۆژێك ژنیش لە کۆمەڵگەی کوردەواری خۆماندا دەتوانێ زۆر لەوەی کە ئێستا هەیە لە بڕیارداندا لە هەڵسووڕاندنی کاروباری وڵاتدا، لە هەموو گۆشەوکەناری ئەو وڵاتەدا وەکوو پیاو بەشدار بێ، لەوەدا گومانم نیە.

کەوانە: چەند ساڵێك لەمەوبەر قەرار وابوو کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کورد ببەسترێ، بەڵام هەندێ حیزب بە هۆی بیروڕای جیاوازەوە پێشوازییان لەو کۆنگرەیە نەکرد و بەڕێوە نەچووە. نەهاتنیان باش بوو یان خراپ؟

مستەفا هجری: ئێستا ئەوەی کە بەرباسە، قەرار وایە لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە کۆنگرەیەکی ئاوا ببەسترێ، بەڵام تاکوو ئێستا ئەو کۆنگرەیە نەبەستراوە، بەو جۆرەی باسیان کردووە قەرار وایە لە داهاتوودا ئەو کۆنگرەیە ببەستن. بەو جۆرەی باس کراوە کۆمەڵەی ئەحزابی سیاسیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانی تێیدا بەشداری دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن خەتایێکیان هەبێ رووبەڕووی وڵاتانی دەرەوە، رووبەڕووی حکوومەتەکان، رووبەڕووی نەتەوەی کورد، بەڵام تا ئێستا ئەوە نەگیراوە. ئێمەش چاوەڕوانین بزانین ئەو کۆنگرەیە دەگیردرێ یان ناگیردرێ.

کەوانە: پێموایە ئێستا حیزبە کوردییەکان گەیشتوونەتە ئەو ئاستە رۆشنبیری سیاسییە کە ئیتر دابنیشین لە یەکتر تێبگەن و بەرەیەکی فکری یان بەرەیەکی سیاسی پێك بێنن، ئایا بیرتان لەوە کردووەتە، یان کارێکی واتان کردووە کە بەرەیەکی یەکگرتووی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا پێك بێنن؟

مستەفا هجری: بەداخەوە ئەو ئینشیعاباتانەی کە لە حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا هاتوونەتە پێشێ، لەو بوارەدا کاریگەری نێگەتیڤی زۆریان داناوە، بەڵام ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان هەر لە هەوڵداین بۆ ئەوەی بتوانین رێگاچارەیەك بۆ ئەو مەسەلەیە ببینینەوە و بتوانین لێك نزیك بینەوە و بە زمانێکی هاوبەش بتوانین لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەرەوە، لەگەڵ نەتەوەی خۆمان بتوانین وەکوو یەکدەنگ قسە بکەین، لە هەوڵی ئەوەداین، هیوادارم کە بتوانین ئەوە چارەسەر بکەین.

کەوانە: خەڵکی کوردستان وەکوو زۆرینە ئایینێکی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، ئیسراییلیش ئایینێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بە رای ئێوە ئایا پەیوەندیی رۆژهەڵاتی کوردستان یان بە گشتی کورد لەگەڵ ئیسراییلدا باشە یان نا؟

مستەفا هجری: ئێمە وەکوو ئەحزابی سیاسی، وەکو گەلی کورد هیچ کێشەیەك نابینین لەوەی کە پەیوەندی بگرین لەگەڵ ئیسراییل، یان لەگەڵ هەر وڵاتێکی دیکە، ئێمە هیچ کێشەیەکمان نە وەکوو نەتەوەی کورد نە وەکوو تەنانەت کوردی ئێران لەگەڵ ئیسراییل نیە، لە مێژووشدا قەد کێشەمان لەگەڵ ئیسراییل نەبووە، من بە بۆچوونی خۆم پێموایە بەگشتی خەڵکی ئێرانیش بە گشتی وایە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئیسراییل نیە، ئەوەی کە پروپاگەندە دژی ئیسراییل دەکا کۆماری ئیسلامییە کە دەیەوێ وا پیشان بدات کە پارێزگاری لە مافی ئیسلامییەکان بەتایبەت فەلەستینییەکان دەکا، پروپاگەندەی کۆماری ئیسلامی بۆ هەموو کەس و تەنانەت بۆ فەلەستینیەکانیش روون بووەتەوە، بەڵام ئەو دامەزراندنی پەیوەندییە بەشێکی زۆری ئەبەسترێتەوە بە لایەنی دیکە، بۆیە لە باری خودی پێکهێنانی پەیوەندی، من هیچ کێشەیەك نابینم، بەڵام بەستراوەتەوە ئایا لایەنەکەی دیکە ئامادەیە ئەو کارە بکا یان نا، مەسەلەکە ئەوەیە.

کەوانە: وڵاتانی هاوپەیمان پێداگرن لە سەر ئەوەی کە سووریا دەبێ بڕووخێ، ئایا دوای رووخانی حکوومەتی سووریا، دەسپێکی راپەڕینێك لە ئێراندا دەبێت، لەو بوارەدا داهاتووی حکوومەتی ئێران چۆن دەبینیت؟

مستەفا هجری: مەرج نیە کە دوای رووخانی سووریا لە ئێراندا راپەڕین روو بدا، بەڵام وەکو باسم کرد مەسەلەی رووخانی دیکتاتۆرەکان لە ناوچەکەدا هەر کامەیان کە دەڕووخێ کاریگەری لەسەر ئەوی دیکەیان دەدەنێ بەتایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران و سووریادا مەسەلەکە برێك جیاوازی هەیە، لەو بارەوە کە سووریا لە واقیعدا وەکوو پردێکە لە نێوان کۆماری ئیسلامی و فەلەستین و حزبوڵڵا کە لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی تێدا هەن. بە نەمانی سووریا ئەو پردە دەڕووخێ، یان بڵێم لانیکەم زۆر لاواز دەبێ. ئیدی کۆماری ئیسلامی دەستی ئاوەڵە نابێ وەکوو ئێستا بتوانێ بە کەیفی خۆی تەداخول بکا لە وڵاتانی ناوچەکە وەکوو لوبنان و فەلەستین و هەڕەشەی راستەوخۆ بکا لە سەر ئیسراییل، ئەوەی نامێنێ و لە واقیعدا تەنیا وڵاتێکی عەرەبیش کە تاکوو ئێستا لەگەڵ ئێران هاوپەیمانە سووریایە، بە نەمانی وی ئەو تەنیا دۆستەی خۆیشی لەدەست دەدا، زیاتر لە پێشوو لە نێو وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی لە ناو وڵاتانی عەرەبیدا دەکەوێتە پەراوێزەوە. بێگومان خەڵکی ئێرانیش بە رووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد کە لە ژێر حمایەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندایە زۆرتر دڵخۆش دەبن، زۆرتر هان دەدرێن بۆ ئەوەی ئەوانیش خەباتی خۆیان درێژە پێ بدەن و وەکوو خەڵکی سووریا بتوانن دیکتاتۆرەکەیان بڕووخێنن. کاریگەرییەکان کاریگەریی ناڕاستەوخۆن، بەڵام لە چەندین لایەنەوە ئەو کاریگەرییە ناڕاستوخۆیانە دادەنێتە سەر ئێران بە شێوەی نێگەتیڤ، بۆ سەر خەڵکی ئێران بە شێوەی پۆزەتیڤ.

کەوانە: جاران جیهان ببووە دوو بلۆکی شەرق و غەربەوە، ئێستاش رووسیا و چین هەر دەیانەوێ ئەو بلۆکە راگرن لە بەرامبەر بلۆکی غەربدا، هۆی چییە کە هێشتا رووسیا و چین رازی نابن بەوەی کە سووریا بڕووخێت؟ داوای چ شتێك لە غەرب دەکەن؟

مستەفا هجری: لە واقیعدا ئەوەی کە رووسیا و چین دەیکەن نەك لەبەر ئەوەیە کە بیروباوەڕیان بەو سیستمە حکوومەتانە هەیە، بەڵکوو بۆ پاراستنی قازانج و بەرژەوەندییەکی یەکجار زۆری بازرگانی و سیاسییە کە بە بوونی حکوومەتی بەشار ئەسەد و کۆماری ئیسلامیی ئێران دەتوانن لە ناوچەکەدا بیپارێزن. بە نەمانی حکوومەتی بەشار ئەسەد یان کۆماری ئیسلامی ئەو قازانج و بەرژەوەندییانە بۆ ئەوان بەو شێوەیە نامێنێ، بێجگە لەوە لە باری سیاسیشەوە بە نەمانی ئەو دوو حکوومەتە ناوچەکە زیاتر دەکەوێتە ژێر سایەی بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا کە چین و رووسیا ئەوەیان ناوێ. بۆیە تا دوایین چرکە ئەوان بەرگری لەو دوو پێگەیەیان دەکەن، بەڵام کاتێك ئەوانیش هەست بەوە بکەن کە ئەوانە لە حاڵی رووخاندان، لە حاڵی نەماندان، ئەوانیش پشتیان تێدەکەن چونکە ئەوانە بە دوای ئەوە نین کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی یان حکوومەتی بەعسی سووریا راگرن لە بەر ئەوەی باوەڕیان پێیەتی، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە قازانجەکەیان دەپارێزێ، کاتێك بینییان ئەو حکوومەتانە لە حاڵی رووخاندان و ئیتر ناتوانن قازانجی ئەوان بپارێزن، ئەوانیش پشتیان تێدەکەن، ئەوە لە واقیعدا قانوونی هەموو ئەو حکوومەتانەیە کە هاوپەیمانییەکەیان لە رووی قازانج و بەرژەوەندییە.

کەوانە: حکومەتی ئیسلامیی ئێران حکوومەتێکی ئەسناعەشەری یان ناوەندگەرایی شێعەی ئیسلامییە، بەڵام زۆربەی هاوپەیمانەکانی وڵاتانی کۆمۆنیستن، چی وا دەکات کە لەگەڵ وڵاتانی کۆمۆنیستدا کۆ ببێتەوە، چ بەرژەوەندییەکی کۆماری ئیسلامی تێدایە کە پەنا بۆ ئەو وڵاتانە دەبات؟


مستەفا هەجری: لە راستیدا دیکتاتۆرەکان هەموویان لە سیاسەتی گشتیدا وەك یەکن، بۆ نموونە هەم حکوومەتە کۆمۆنیستییەکان وەك کۆریای باکوور، هەم کۆماری ئیسلامی کە دوو جەمسەری نەك هەر جیاواز بەڵکوو دژ بە یەکن لە باری ئایینییەوە، بەڵام لە باری کردەوەییدا لێك نزیك دەبنەوە، بۆ نموونە بۆ سەرکوتی ئازادیخوازان. خەباتی ئازادیخوازی هەم لە کۆریا هەیە، هەم لە ئێراندا هەیە. ئەوانە هەر دووکیان لەوەدا هاوبەشن کە دەبێ ئەوانە سەرکوت بکرێن یان تەنانەت حکوومەتی بەشار ئەسەد کە بەعسییە لە بنەمادا دژی ئایینە، ئایینی نیە، بەڵام لەگەڵ ئێران دەبێتە هاوپەیمان، لەبەر ئەوەی هەر دووکیان لەو نوختەیەدا یەك دەگرنەوە کە هەردووکیان دژی ئازادین، ئازادیخوازان سەرکوت دەکەن، یارمەتی یەکتری دەدەن بۆ سەرکوتی ئازادیخوازەکانی یەکتری، قازانج و بەرژەوەندیی بازرگانییان دەپارێزن لەگەڵ یەکتری بۆ ئەوەی بتوانن لە چوارچێوەی ئەو ئامانجەدا بە کاری بێنن، لێك نزیکبوونەوەی ئەوان لە رووی ئەو دژی ئازادیبوونە، دژی دێموکراسیبوونەیە، چوونکە دێموکراسی بۆ هەموویان وەکو یەك خراپە، دێموکراسی و ئازادی بۆ هەموویان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو حکوومەتانە نەمێنن، بۆیە لەوەدا یەك دەگرنەوە و یارمەتی یەکتری دەدەن و ئەو مەسەلەیەش شتێکی سروشتییە. رەنگە لە داهاتوویشدا سیستمە دیکتاتۆرییەکان هەر بەو شێوەیە بجووڵێنەوە.

کەوانە: خەڵك دەڵێن وڵاتانی عەرەبی ئازان کە بەرامبەر بە دیکتاتۆرەکان هەستاون، خەڵکی ئێران سەرەڕای ئەو هەموو فشارە سیاسی و ئابووری و نەبوونی ئازادیی رادەربڕین و لەسێدارەدانە کە سێدارەدان بووەتە عادەتێکی رۆژانە لە ئێران، چی وای کردووە خەڵکی ئێران سەرهەڵدان نەکەن، یان چ وزە و هاندانێك بۆ راپەڕین لە ئێران پێویستە؟

مستەفا هجری: هۆکاری زۆر هەیە کە دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین، بۆ نموونە یەك لەوانە ئەوەیە کە لە ئێراندا بەداخەوە تاکوو ئێستا هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری کە بتوانێ ئیلهامبەخشی خەباتی ناوخۆی وڵات بێ پێك نەهاتووە، ئێران حەشیمەتێکی زۆری هەیە، پێکهاتەی جۆراوجۆری ئایینی و نەتەوەیی تێدا هەیە کە یەکگرتن و هەماهەنگییان بەتایبەتی کە کۆماری ئیسلامی بە سەریاندا زاڵە، شتێکی زەحمەتە. زۆر خاڵی تر هەیە کە تا ئێستا بوونەتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی ئێران رانەپەڕێ، ئەوانە هەموویان کاریگەرییان هەیە، بەڵام بە مانای ئەوە نیە کە خەڵکی ئێران لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بێزار نیە یان ئازادی ناوێ، بەڵام ئەوانیش لە دەرفەتێك دەگەڕێن کە پێموایە لە داهاتوودا ئەوە روو دەدات، واتە بە پێکهێنانی ئۆپۆزیسیۆنێکی سەراسەری کە بتوانێ ئومێد بدات بە خەڵکەکەی، خەڵکەکە هان بدات کە بزانن ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز لە پشتیاندا پەناگەیانە، یارمەتییان دەدا، حەتمەن ئەوان زیاتر لە خەباتدا بەشداری دەکەن. بۆ نموونە ئەگەر خەڵکی کورد چاو لێبکەیت، خەڵکی کورد ئێستا حیزبەکانی خۆیانیان هەیە، ئەو حیزبانەشیان هەموویان بە ناچار ناوەندەکەیان لە کوردستانی عێراق نیشتەجێیە، خەڵکی کورد و ئازادیخوازانی کورد لە ناو ئێراندا خەبات دەکەن، بەربەرەکانێ دەکەن، هەر کامەیان بە نیسبەتی خۆی گوێ لە حیزبەکانی خۆی دەگرێ، ئەگەر کێشەشی بۆ ساز بوو، دەتوانێ خۆی لەوێ بە جۆرێ رزگار بکا و بێت لە ناو حیزبەکەیدا درێژە بە خەباتەکەی بدات. ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە لە ناو کوردستاندا دۆخی خەبات و بەربەرەکانێ بەهێزترە، بەتواناترە، یەکگرتووترە، ئاکامی باشتری دەبێ، بەڵام لە ئێراندا هێزێکی وا نابینی، ئێمە خەریکین بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەحزابی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، لەگەڵ کەسایەتییەکانی ئێرانی، ئێستا لە چەندین لاوە لە دیالۆگداین بۆ ئەوەی کە لە داهاتوودا بکرێ لە ناو ئێرانیشدا بۆ ئێرانییەکان هێزی ئۆپۆزیسیۆن دروست بێ کە بتوانێ وەکو پشتیوانێك بۆ خەڵکی ئێران بێ، ئەو کاتەیە کە زۆربەی خەڵکەکە دەتوانێ بێتە مەیدان، بەڵام ئەوەشمان لە بیر نەچێتەوە کە بێجگە لەوانە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لە سەرکوتی خەڵك و ئازادیخوازان هیچ شك و گومانێك نایەنێتە رێگای خۆی، نەك هەر ئۆپۆزیسیۆنێك وەکوو ئێمە کە دەمانەوێ حکوومەت بڕووخێ و حکوومەتی دیکە بێتە سەر کار. ئێمە هەر لە سەرەتاوە دژ بەو حکوومەتە بووین، تەنانەت رەحم بەو کەسانە ناکا کە رۆژێ لە رۆژان لە ریزی خۆیدا بوون، لە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیدا بەشدار بوون لەو حکوومەتەدا، بەڵام کەمترین دژایەتی و جیاوازیی بیروبۆچوون لەوانیش قبوڵ ناکا، ئەوەش بۆ خۆی کاریگەرییەکی یەکجار زۆری داناوە لەسەر خەڵکی ئێران.

کەوانە: خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەك لە حکوومەت تووڕەن، پیانخۆشە هێزێکی چەکدار هەبێ، لە حاڵێکدا ئەگەر هێزی چەکداریش هەبێ بەرامبەر بە حکوومەت، ئەوا حکوومەت زیاتر فشار دەخاتە سەر خەڵکی کوردستان، ئایا هێزێك وەکو پەژاك باشە کاری چەکداری لە رۆژهەڵاتی کوردستان بکات یان نا، لەو بارەوە رات چیە؟

مستەفا هجری: ئێمە بە گشتی وەکوو حیزبی دێموکرات و بەشێك لە حیزبەکانی تری رۆژهەڵات وەکوو ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران، ئەزموونی خەباتی چەکداریمان هەیە، ساڵەها درێژەمان بە خەباتی چەکداری داوە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەڵام ئێمە لەو باوەڕەداین کە لە ئێستادا خەباتی چەکداری ناتوانێ لە قازانج و بەرژەوەندیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا بێ. ئەو جووڵە چەکدارییەی کە ئێستا لە کوردستاندا جاروبار چاومان پێدەکەوێ، زۆرتر بیانوویەکە بۆ کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی بتوانێ زیاتر کوردستان میلیتاریزە بکا، زەخت و زۆری زیاتر بۆ سەر ئازادیخوازانی کورد بێنێ، سزاکانیان قورستر بکا، بێجگە لەوە تاکوو ئێستا دەسکەوتێکی نەبووە، بۆیە ئێمە پێمانوایە کە خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێراندا پەسیڤ نیە، چالاکە، تێدەکۆشێ، حیزبەکانیش زۆر چالاکن، هەر کامەی لە چوارچێوەی ئیمکان و توانای خۆیدا چالاك و هەڵسووڕە، بەڵام من بەش بە حاڵی خۆم بە درووستی نازانم خەڵکی کورد بە تەنیا لە ئێران راپەڕێ، چوونکە خەڵکی کورد بە تەنیا هەرچەند بەهێز بێ، هەرچەند یەکگرتوو بێ دیسان ناتوانێ بە تەنیا کۆماری ئیسلامیی ئێران بڕووخێنێ و دوای رووخانیشی بە دەسکەوتەکانی خۆی بگات. چوونکە ئێمە دەبێ لە بیرمان بێ کە شەڕ بۆ شەڕ ناکەین، شەڕ بۆ دەسکەوت دەکەین، بۆیە من پێموابێ خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێراندا لە هەموو بەشەکانی دیکەی ئێران ئامادەترە بۆ خەبات، بۆ راپەڕین، بەڵام دەبێ دۆخێکی وا پێك بێ کە لە هەموو ئێراندا دۆخی راپەڕین بێ، ئەودەمی هەموو پێکەوە بیکەن، دەنا کورد بە تاقی تەنیا بیکا، من بە کارێکی سیاسیی درووستی نازانم.



# ٢٣ی بانەمەڕ، رابوون لە پێناوی یەکبووندا

■ سەلام ئیسماعیل پوور

یەکێك لە نیشانەکانی وشیاریی هەر نەتەوەیەك و خۆپاراستنی لە بەرانبەر شەپۆلەکانی سەرکوت، توندوتیژی و تواندنەوەی فەرهەنگیدا، پلەی هەستیاریی ئەو نەتەوە لە هەمبەر ئەو رووداوانەیە کە لە پێوەندیی لەگەڵ تاکەکان، سەمبۆلەکان، بیر و باوەڕەکان و دەرهاوێشتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەدا دێنە ئاراوە. نەتەوەگەلێك کە وێڕای گوشاری سیستمە سەرەڕۆکان بۆ سڕینەوەی شوناسیان، لە بۆنەگەلی جۆراوجۆردا، وشیاریی بەکۆمەڵ و هاوپێوەندیی سیاسی و مەعنەویی خۆیان نیشان دەدەن و ترووسکەی هیوا و بەرخۆدان لە دڵی تاکەکانی خۆیاندا دەگەشێننەوە، نموونەی دینامیکی ئەو کۆمەڵگا مرۆییانەن کە بە تێگەیشتن لە بنەماکانی شوناسی خۆیان و ناسینی سنووره روون و نارووونەکانی نێوان خۆیان و "ئەوانی دیکە"ی هاوشانی خۆیاندا، دژکردار یان کرداری سیاسیی گونجاو لە کاتە پێویستەکاندا لە خۆیان نیشان دەدەن و بەرەو چارەنووسێکی گەشاوە و داهاتوویەکی باشتر هەنگاو دەنێن.

هەستی بەرپرسیاریەتی و دەروەستیی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئەخلاقیی تاکەکانی هەر نەتەوەیەك بەرانبەر بە یەکتر و بەرانبەر بە پرسە هەستیارەکانی پێوەندیدار بە چارەنووس و کەرامەتی نەتەوەکەیان، بە یەکێك لە نیشاندەرەکانی گەشەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو نەتەوە دەژمێردرێت.

نەتەوەیەك کە زۆرینە، یان بەشێکی زۆر لە تاکەکانی گەیشتوونەتە ئەم پلەیە لە تێگەیشتن و ئاوەزان، بێگومان لە قۆناغە مەترسیدارەکان و بڕگە زەمەنییەکانی تێپەڕین لە هەڵدێرە سەختەکانی مێژووی خۆی دەرباز بووە و رزگاریی ئەو گەلە تەنیا بەستراوەتەوە بە یەکگرتوویی، یەکڕیزی و رێکخستنی تۆکمەی هێزەکان تا دەستەبەربوونی ئامانجەکانی و وەدیهاتنی چارەنووسی بێ ئەملاوئەولای هەموو دیکتاتۆرەکان، کە رووخان و داڕمانی دەسەڵاتەکەیانە.

بێگومان دەکرێ بڵێین، نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، سەرەڕای هەموو گوشارەکانی دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کۆمەڵگای کوردستان، نموونەیەکی درەوشاوە و بەرچاو لەم گەلانەیە کە بە درێژایی ساڵەکان و دەیەکانی رابردوو بە تاقی تەنیا لە بەرانبەر دڕندەترین رێژیمی دیکتاتۆریی هاوچەرخدا راوەستاوە و چۆکی بۆ ئەو ئازار و چەرمەسەرییانە دانەداوە کە بە هۆی لاوازیی عەقڵی مۆدێرن و نەبوونی ئاوەزی گەشەسەندوو لە کۆمەڵگاکانی دەوروبەریدا تووشیان بووە و بە شێوەیەکی گونجاو لە وەڵامدانەوە و بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژیی سەرچاوەگرتوو لە کردار، هەڵسوکەوت و ئاکاری سیاسەتڤانانی دەسەڵاتدار و کۆمەڵگا مرۆییەکانی دراوسێی، خۆی پاراستووە و یاسای دڕندایەتی و هۆڤانیەت و دواکەوتوویی باوی ئەم جۆرە کۆمەڵگا و دەسەڵاتانەی بە پەرەپێدانی ئاسانگیری، پێکەوەهەڵکردن و پێکەوەژیانی شارستانییانە وەڵام داوەتەوە.

هاوکات، هونەری پرِبایەخی نەتەوەی کورد لەوەدایە کە ئەم ئاسانگیری و پێکەوەهەڵکردنە سەرچاوەگرتوو لە بەستێنە ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگای کوردەوارییە لەگەڵ رۆحی بەربەرەکانێ و حەماسە گرێ داوە و ئاوێتەیەکی گونجاوی لەم دوو فاکتەرە بە رواڵەت جیاواز و تەنانەت دژوازە خستۆتە روو.

کوردستان، لانکەی تێکهاڵانی ئاوەز و ئاشتەوایی و خۆڕاگری، لە ٢٣ی بانەمەڕی ١٣٨٩دا لەم پەڕ تا ئەو پەڕ بوو بە کڵپەی ئاگری نارەزایەتی دژ بە دوایین تاوانی رێژیمی سەدە نێوەڕاستیی ئاخوندی دەرهەق بە رۆڵە خەباتگێڕەکانی نەتەوەی کورد. ٤ رۆژ پێشتر لەم حەماسە شکۆدارە، مرۆڤکوژانی تاریکپەرەستی رێژیم، تاریکایی شەویان بە هەل زانی و لە بەرەبەیانێکی خوێناویدا بەژنی چوار سەوڵی سەربەرزی کوردستان (فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەم هوولی، عەلی حەیدەریان و فەرهاد وەکیلی) یان لەگەڵ مەهدی ئیسلامیان، بەندکراوی سیاسیی خەڵکی پارێزگای فارس لە سێدارە دا تا بەڵگەیەکی دیکە بێت لە رەوایی دۆزی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و دڕندەیی دەسەڵاتدارانی تۆقیو لە یەکبوونیان لە پێناوی سەرکەوتن و بەختەوەریدا.

لە رۆژانێکدا کە خەمساردی و پاسیڤبوونی بە ناو رێبەرانی رەوتی خۆبەزلزانی ناسراو بە بزووتنەوەی سەوز، وەرەی خوێنمژانی رێژیمی بۆ مژینی خوێنی پیاوان و ژنانی تێکۆشەر و ئازادیخوازی ئێران رۆژ لە دوای رۆژ بەرزتر دەکردەوە و شەپۆلی بەرینی ئیعدامەکان لەمپەرێکی لە بەرانبەر خۆیدا نەدەناسی، رەوی ئێعدام و سەرکوت و کوشتوبڕی دڕندەکانی کۆماری ئیسلامی گەیشتە چیایەك کە هەرگیز حەشارگە و شوێنێکی لە بار بۆ حەوانەوە و خۆنواندنی شەمشەمەکوێرەکانی سەرخۆش لە چڵکاوی ویلایەتی فەقیە نەبووە.

کوردستان، زێدی حەماسە هەتاهەتاییەکان و مەتەرێزی ئازادیی ئێران، ئێستا میوانداری رەوی کاروانی مەرگ بوو و ئەرکی راوەستاندن و وەرگەڕاندنی شەمەندەفەری ئەم رەوتە شوومەی لە ئەستۆ گرتبوو.

شەمەندەفەرێك کە لە هەموو شوێنێکدا بە ئاڵای سپیی سەردانەواندن و جارجار بە رقێکی پەنگخواردوو یان هاوارێکی قەتیسماو لە گەروودا پێشوازیی لێ دەکرا و بە سەرکەوتوویی درێژەی رێگاکەی دەبڕی تا لەگەڵ خۆی، لە سەیرانێکی خوێناویدا فریشتەی مەرگ بە چوارگۆشەی ئێراندا بگەڕێنێت و تۆوی ترس و تۆقان و بێهیوایی لە دڵی خەڵکدا بچێنێت.

بەڵام کوردستان قەڵایەك نەبوو کە بە هەر زریانێك بێتە لەرزە، مێژووی کوردستانیش ئەم راستییەی بە مرۆڤکوژانی سەرخۆش لە سەرکەوتنە کاتی و رواڵەتییەکانیان سەلماندبوو. ئێستا چوار رۆژ لە شەقژنی سووری فەرزاد و هاوڕێکانی بەرەو لووتکەی هەرمان تێدەپەڕی و کوردستان ئاوسی ئاڵوگۆڕێکی نوێ بوو. کوردستان برینی لەدەستدانی رۆڵەکانی بە راپەڕینێکی شکۆدار سارێژ دەکرد و لەم پێناوەدا تاك بە تاکی خەڵك، ئەنجوومەن و گرووپەکان، رێکخراوەکان و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، یەکدڵ و یەکدەنگ، لە بەرامبەر بەرەی بکوژانی ئازادی و شوناسیاندا راوەستابوون و هێمایەکیان لە خەباتی مۆدێرن و مرۆیی خۆیان بەرامبەر بە دواکەوتوویی و دڕندیی دەخستە پێش چاوی ویژدانی گەلانی جیهان.

مانگرتنی سەرتاسەریی کوردستان لە ٢٣ی بانەمەڕی ١٣٨٩، لە ساتەوەختێکی گونجاو و هەلومەرجێکی هەستیاردا، جیهانی لە مەزنایەتیی وەرەی ئەم گەلە وشیار و خۆڕاگرە تێگەیاند و گیانێکی دیکەی بە بەری ئەوانەدا کرد کە لە نێو ترس و تۆقانێکی بێکۆتایی و بێدەنگییەکی قورسدا چەقیبوون. هەروەها سەرچەشنێکی زێڕین و درەوشاوەی خەباتی پێشکەش کرد کە بۆ ماوەیەکی زۆر بوو بە جێگای سەرسووڕمان و ستایش تەنانەت لە لایەن دوژمنەکانیشیەوە و ناچاری کردن دان بەو راستییەدا بنێن کە لە بەرامبەر بزووتنەوەی رەسەن، دینامیك و بەهێزی کوردستاندا داماون و تەوریان لە بەرانبەر بەژنی ئەم سەوڵە سەرفیرازەدا بێکاریگەرییە. چەند دەیە خۆڕاگری بە هەموو میتۆدە رەوا و مرۆییەکانەوە، وەها هێز و وشیارییەکی لە خەباتدا بە کوردستان بەخشیوە کە فێڵ و تەڵەکە و گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی لەم شوێنە لە جوغرافیای دیکتاتۆرلێدراوی ئێراندا پووچەڵ و بێکاریگەری ماوەتەوە.

کوردستان لە چەند ساڵی رابردوودا نەریتی مانگرتنە سەرانسەرییەکانی ٢٢ی پووشپەڕی کردۆتە رێنوێنی تێکۆشانی سیاسیی خۆی و لە هەر دەرفەتێکدا بە ئیلهامگرتن لەم ئەزموونە سەرکەوتووەی خەبات، رێوشوێنە سەختئەفزاری و نەرمئەفزارییەکانی دوژمنانی تەیار بە دوایین کەرەستە و ئامرازەکانی سەرکوتی پووچەڵ کردۆتەوە و هێزە سەرکوتکەرەکان لەم وڵاتەدا تووشی دۆشدامان و سەرلێشێواوی بوونە.

مانگرتنی ٢٣ی بانەمەڕ بەرچاوترین نموونەی مانگرتنەکانی ئیلهامگرتوو لە ٢٢ی پووشپەڕ بوو کە بە هەوڵ و هیممەتی هەموو خەڵك و رێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستان سەرکوت و کەشوهەوای سەرکەوت و خەفەقان و ئێعدامی زاڵ بە سەر ئێرانی خستە ژێر کاریگەریی خۆی.

ئەم مانگرتنە هەروەها نیشانی دا کە کۆمەڵگای کوردستان ئەگەرچی هەمیشە لانکەی فرەچەشنی و پلۆرالیزمی سیاسی، فەرهەنگی و ئایینی و ... بووە، بەڵام لە کاتی چارەنووسساز و کاتێك کە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی و ئامانجە ئیستراتژیکەکانی نەتەوەی کورد لە گۆڕێدا بن، بە کردەوە یەکبوون و یەکگرتوویی لە کرداری سیاسیی خۆیدا نیشان دەدات.

# یەکگرتوویی زیاتری عەرەبەکان دژی تاران

■ رەزا فەتحوڵڵانژاد

پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی عەرەبی گرژترین قۆناخی خۆی تێپەڕ دەکات و رەوتی رووداوەکانی ئەمدواییانە لەم پێوەندییەدا و پێشبینییەکانی داهاتووی ئەو پێوەندییانە نیشاندەری ئەوەن کە جارێ ئەستەمە ئەم رەوتە ئاراستەی پێچەوانە بپێوێ و بەرەو هێوربوونەوە بڕوات.

بڕیارە لە داهاتووی نیزیکدا وڵاتانی عەرەبی لەسەر پێشنیاری عەرەبستانی سعوودی، «یەکیەتیی کەنداو» پێك بێنن کە هەوڵێکە بۆ یەکهەڵوێستی ئەو وڵاتانە لە بوارەکانی دەرەکی و بەرگریدا و هەروەها یەکدەنگی و پێکهێنانی هاوئاهەنگی لە کردەوەدا لە بەرامبەر دزە و دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لەو ناوچەیەدا. پێکهێنانی وەها رێکخراوێك لە کاتێکدا لە وەدیهاتن نزیك دەبێتەوە کە لە ساڵانی رابردوودا عەرەبستان ئەم پێشنیارەی خستبووە بەردەم وڵاتانی عەرەبی دیکە و وەڵامی نەرێنی وەرگرتبووەوە. گرینگترین و دەرهەستترین کێشەی نێوان ئێران و وڵاتانی عەرەبی کێشەی سەروەریی خاکە، بە شێوەیەك کە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی پێیان وایە کۆماری ئیسلامی لە ژێر تیشکی ئیدئۆلۆژیی مەزهەبیی خۆیدا، نەتەنیا دەستبردن بۆ هەر شێوازێکی رەوا و ناڕەوا بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر وڵاتانی ناوچەدا پاساو دەداتەوە، بەڵکوو بەکردەوە جێبەجێی کردووە. بەرچاوترین نموونەی ئەم راستییەیش، پشتیوانیی بێئەملاوئەولای رێژیمی ئێران لە حکوومەتی بەشار ئەسەد، دەستێوەردانی ئاشکرا لە کاروباری بەحرەین، ئاشکرابوونی هەوڵە سیخوڕییەکانی لە کووەیت و ئیمارات، دەستێوەردانی ئاشکرا لە کاروباری لوبنان و فەلەستینییەکان، ئاشکرابوونی پیلانەکانی تیرۆری باڵوێزەکانی عەرەبستان لە ئامریکا و میسر و هتدە، نموونەگەلێك کە ئەوەندەی دیکە ئیدیعاکانی وڵاتانی عەرەبی دەسەلمێنن و ترسی ئەو وڵاتە لە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی زیاتر و زیاتر دەکەن.



لایەنەکانی ئەم پرسە دوژمنکارانەیە، دوو شێوازی جیاوازیان بۆ بردنەپێشەوەی ئامانجەکانی خۆیان و پێشگرتن بەو مەترسییانەی ئەگەریان هەیە بە هۆی لایەنی بەرامبەرەوە بۆیان بخوڵقێ، گرتووەتە بەر. وادیارە رێژیمی تاران لەم پێناوەدا، زیاتر گرینگی بە سیاسەتی هەڕەشەکردن لە بەرامبەر و خۆئامادەکردن بۆ هەر شەڕێکی پێشبینیکراو لە داهاتوو، بەتایبەتی لە رێگەی تەیارکردنی گرووپەکانی لایەنگری لە ناوچەدا بە چەکوچۆڵی زیاتر دەدا، سیاسەتێك کە ئەگەرچی لە هێندێ قۆناخی زەمەنیدا کەمتر رووهەڵماڵراوانە و ئاشکرا بووە، بەڵام بەگشتی لە کاتی هاتنەسەرکاری ئەم رێژیمەوە رەچاو کراوە.

بەڵام وڵاتانی عەرەبی شێوازی رووبەڕووبوونەوەی خۆیان لەگەڵ ئێراندا گۆڕیوە. ئەم وڵاتانە پێشتر هەوڵیان دەدا لە لایەکەوە بە کڕینی چەکوچۆڵ لە رۆژئاوا و خۆدانە پاڵ رۆژئاوا و لە لایەکی دیکەوە بە بێدەنگیکردن لە بەرامبەر دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی و ئاشکرانەکردنی دژایەتیی رووتی خۆیان لەگەڵ ئێران، جۆرە باڵانسێك لە ناوچەکەدا بپارێزن کە هەم لە مەترسییە رووخێنەرەکانی کۆماری ئیسلامی بەدوور بن و هەم لە وەپەراوێزکەوتنی ئێران لە کۆمەڵگای جیهانی، قازانجی سیاسی و ئابووری ببەن. بەڵام هەنووکە، سیاسەتی دژایەتیی ئاشکرایان گرتووەتە بەر، بە شێوەیەك کە لە چەند مانگی رابردوودا عەرەبستان و ئیمارات زۆر جار جەختیان کردەوە کە لە ئەگەری گەمارۆی نەوتیی کۆماری ئیسلامی، قەرەبووی هەموو کەموکورتییەکانی بازاڕی نەوت دەکەنەوە و تەنانەت ئەمەیان راستەوخۆ لەگەڵ چین، ژاپۆن، کورەی باکوور و چەند وڵاتی دیکەدا هێنایە گۆڕێ.

گرژبوونی پێوەندییەکان و ئاشکرابوونی دژایەتییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی عەرەبی بۆ لێڕوانینی کۆماری ئیسلامی بەنیسبەت پرسەکانی ناوچەکە دەگەڕێتەوە، لێڕوانینێك کە ئەستەمە گۆڕانی بەسەردا بێ.

## رۆژەڤ

و: رەزا فەتحوڵڵانژاد

### تیۆلۆژیی ناوکیی ئێران، بومبەکان و راستی

ماڵپەڕی ئیکۆنۆمیست رۆژی ١٩ی مای وتارێکی لە ژێر ناوی «تیۆلۆژیی (باوەڕی مەزهەبی) ناوکیی ئێران، بومبەکان و راستی» بە قەڵەمی نووسەرانی بەشی نێونەتەوەیی خۆی بڵاو کردەوە کە لەودا دەپرژێتە سەر قسەکانی خامنەیی، رێبەری کۆماری ئیسلامی لەمەڕ پرسی ناوکیی ئەو وڵاتە. نووسەرانی وتارەکە بە خستنەبەرباسی ئەو پرسیارە کە «گەلۆ باوەڕە ئایینییەکانی موسوڵمانان لە پێوەندی لەگەڵ چەکوچۆڵی ناوکی راستە یان خەیاڵییە؟» باسەکەیان کردووەتەوە. لە سەرەتادا هاتووە کە ئایەتوڵڵا خامنەیی نەك جارێك بەڵکوو زۆر جار، لەوانە لە فتوایەکدا وتوویەتی کە بەدوای بۆمبی ئەتۆمەوە نین. ئەو لە کۆڕێکی زانستڤانانی ناوکیی وڵاتەکەیدا وتی: «چەکوچۆڵی ناوکی بەگشتی بە قازانجی ئێمە نیە. لە گۆشەنیگای ئایدیۆلۆژیك و یاساییەوە، ئێمە پەرەپێدانی چەکوچۆڵی ناوکی بە نایاسایی دەزانین. ئێمە کەڵکوەرگرتن لەو جۆرە چەکوچۆڵانە بە گوناهێکی گەورە دەزانین. هەروەها لەو باوەڕەداین کە راگرتنی وەها چەکوچۆڵێك بێکەڵك و مەترسیدارە و ئێمە هیچکات بەدوایەوە نابین».

وتارەکە دواتر ئاماژە بەوە دەکات کە «باراك ئۆباما، تەنیا چەند حەوتوو لەمەوبەر داوای لە ئێران کردبوو کە بە روونی رایبگەیێنن کە ئاواتیان دەستڕاگەیشتن بە هێزیی ناوکیی ئاشتیخوازانە بووە یان چەکوچۆڵی ناوکی. گەشبینەکان قسەکانی ئاغای خامنەیی وەکوو وەڵامێکی ئەرێنی لێك دەدەنەوە و دنەدانی وەگەڕکەوتنەوەی وتووێژە ناوکییەکان وەکوو دەرەنجامێکی کردەکیی هەستی نوێکراوی بەرژەوەندیی هاوبەش سەیر دەکەن.»

«بەڵام زۆرێك لە خەڵك نە خۆشیان لە ئاغای خامنەیی دێ و نە بڕوایشی پێ دەکەن. لە رانەگەیاندنی چەکوچۆڵی ناوکیدا، بە دڵنیاییەوە رێبەری ئێران بەکردەوە پێڕەوی لە تێزی تەقییەی شیعە دەکات. تەقییە جۆرێك نواندنی رێگەپێدراوە ـ درۆکردن ـ بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە ئیمان. هێندێ پییانوایە کە نابێ فتوا زۆر جیددی بگیردرێ چوونکە بە شێوەی سرووشتی نەرمیهەڵگرە. ئەوانە دەکرێ بە هۆی بەرپرسانی ئایینی رکەبەرەوە موناقشەیان لەسەر بکرێ یان تەنانەت بە هۆی ئەو کەسەی دەریکردوون، هەر لە بنەڕەتەوە گۆڕانیان بەسەردا بێ. فتواکان بەتایبەتی وەکوو پێشنیارگەلێکی کاتی بۆ هەڵسوکەوتی درووست بەکار دەبرێن تا یاساگەلێکی کۆتایی و نەگۆڕ».

بابەتە لە کۆتاییدا دەڵێ: «کردەوەکان دەتوانن رۆشنایی بخەنە سەر قسەکان. لە سەردەمی شەڕی ئێران ـ عێراق لە ١٩٨٠کاندا، هێزی سەربازیی سەددام حوسێن کە پشتی بە رۆژئاوا بەستبوو، چەکوچۆڵی شیمیایی بەکار هێنا و هەزاران ئێرانی کوشت. رێبەری پێشوو، ئایەتوڵڵا خومەینی بە ئاشکرا قەدەغەکردنی ئایینیی پێشووی خۆی لەسەر چەکوچۆڵی کوشتنی بەکۆمەڵی بە تەواوی گۆڕی و بڕیاریی وەگەڕخستنی تاقیکردنەوەی بۆ پەرەپێدانی دا کە بۆمبی ناوکیشی لەخۆ دەگرت» و دواتر ئاماژە بە ملدانی خومەینی بە خواردنەوەی جامی ژەهر دەکات و دەڵێ: «دیسانیش، ئەو لە جیاتی دەستبردن بۆ چەکوچۆڵی ناباو، ئاگربڕ و کۆتاییهێنان بە شەڕی هەڵبژارد».


سەرچاوە:
Economist.com

# سێ ڕۆژ لە س...

و: کوردستان

فێستیڤاڵی نەتەوەیی شیعری کوردی بە ئامادەبوونی شاعیران و ڕەخنەگرانی چوارپارچەی کوردستان، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە ڕۆژانی ١٥ـ ٢٠١٢/١٧ی زایینی لە شاری هەولێر، بە چاوەدێریی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە لایەن یەکیەتیی نووسەرانی کورد و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانەوە بەڕێوەچوو.

کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردوو لە هۆڵی پێشەوای شاری هەولێر فێستیڤاڵی نەتەوەیی شیعری کوردی بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و بە ئامادەبوونی نوێنەری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەستی بەچالاکییەکانی کرد. سەرەتا د. هیمداد حسەین لە لایەن لیژنەی باڵای فێستیڤاڵەوە وتارێکی پێشکەش کرد و لە وتارەکەیدا ئاماژەی دایە کولتوری ڕەسەنی کوردەواری و نەتەوەی کوردی بە خاوەن شوناسێکی گەورە وەسف کرد و گوتی: «کورد خاوەنی کولتورێکی دەوڵەمەندە لە بواری شیعردا، بەڵام بە داخەوە لە بەختی ئێمەی کورد و بە هۆی لاوازیی هۆشیاریی نەتەوەیی و هەروەها نەبوونی ئامێرەکانی چاپکردن و تۆمارکردن، زۆربەی ئەو کولتورە کوردییە فەوتاون». هەروەها لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا ئاماژەی دایە ئەوەیکە شیعر رووبەرێکی گەورەی لە لای کورد داگیر کردووە و خەڵکی پێ جۆش دراوە و لە ڕاپەڕین و شۆڕشەکاندا شیعر دەورێکی کاریگەری گێڕاوە. دواتر بەڕێز نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد و هەروەها بەڕێز د. کاوە مەحموود وەزیری ڕۆشنبیریی و لاوان وتارێکی لەو پەیوەندییەدا پێشکەش کرد. وتاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن زیرەك کەمالەوە پێشکەش کرا و دواتر وتاری سەرۆکی یەکیەتیی




# شاژنی دیسکۆ ماڵئاوایی لە ژیان کرد



دانا سامێر(Donna Summer)، گۆرانیبێژی ناوداری ئامریکایی کە لایەنگرەکانی نازناوی «شاژنی دیسکۆ»یان پێ بەخشیبوو لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا  بە هۆی تووش بوون بە نەخۆشینی شێرپەنجە  لە ماڵەکەی خۆیدا لە ئەیالەتی فلۆریدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

دانا سامێر لە ناوەڕاستی حەفتاکانی زایینیدا بە گۆرانیی بەناوبانگی « Love to love you baby » (عاشقی عاشق بوونم بە تۆ) ناوبانگی دەرکرد. ئەو گۆرانییە بە هۆی شێوازی تایبەتیی دانا لە وتنەوەیدا کە تایبەتمەندییەکی زۆری ژنانەی پێوە دیاربوو، ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە بنیاتنانی شێوازی دیسکۆ لە دەیەی حەفتادا و لە ساڵی ١٩٧٦ دا پێگەی دووهەمین گۆرانیی پڕفرۆشی بۆ خۆی مسۆگەر کرد.

ساڵی ١٩٨٣ بە بڵاو کردنەوەی گۆرانیی « She works hard for the money »(ئەو کچە بۆ پارە گیان دەدا) جارێکی دیکەش گەیشتەوە لووتکە. دانا سامێر لە دیمانەیەکی خۆیدا لەگەڵ کاناڵی «سی ئێن ئێن» دا دەڵێت:» لە پانتای ژیاندا، تەنیا کارێك کە دەیکەم ئەوەیە کە سەبارەت بەو شتەی کە پێم وایە پێی ڕاسپێردراوم، ڕووراست بم.».

# «سەوداسەری»

چۆن بە شیعری ئاگرینم شۆڕشێ بەرپا نەکەم
بۆ نەجاتی زێدەکەم بانگی کوڕی ئازا نەکەم

ئەو بە تاڵان و بڕۆی من خاکەکەی ئاوا ئەکا
سەرکەوم مەردم ئەمن بڕیارە قەت ئاوا نەکەم

کوا وەفادارم چلۆن بێژم ئەمەکناسیم ئەگەر
بۆ کلۆڵیی نیشتمانم دیدە وەک دەریا نەکەم

گەرچی ئەمجارەش بە شێوەی کۆنەیە هۆنراوەکەم
شیعری کۆنەش دڵگرن هێشتا لە حەق حاشا نەکەم.



ئەنوەر خان سوڵتانپەنا

من کە پێم وایە لە ڕێگەی خاکما سەوداسەرم
خۆم فریو داوە ئەگەر بێتوو بە سەر سەودا نەکەم

تا خەمی پیرۆزی گەلخوازی لە دڵما جێگرە
قەت هەتا ماوم دەبێ شادی لە دڵ داوا نەکەم

تا چنوور و نێرگزی ئەم خاکە جوانە دەست بدا
شەرتە یادی چاوی کاڵ و پەرچەمی تاتا نەکەم


زامی «داڵانپەڕ» بە ئێشە جێ دەسی بێگانەیە
بۆ ئەگەر بۆم ڕێکەوێ داگیرکەرم ڕیسوا نەکەم

تا بە ساڕێژیی نەبینم زامی کۆنی سێ سنوور
سوێند بە عەوداڵیمە یادی سەرووەت و مەئوا نەکەم

بێ دوان...



# اباتی شیعری کوردیدا



نووسەرانی کورد لە لایەن کاکەمەم بۆتانییەوە پێشکەش بە ئامادەبووان کرا. دوا بڕگەی بەرنامەکانی کرانەوەی فێستیڤاڵ خوێندنەوەی شیعر بوو لە لایەن شاعیری گەورەی نەتەوەکەمان، مامۆستا شێرکۆ بێکەسەوە.

پرۆگرامەکانی فێستیڤاڵی نەتەوەیی شیعر کە بریتی بوو لە خوێندنەوەی شیعر لە لایەن شاعیرانی هەر چوارپارچەی کوردستان و هەروەها بەڕێوەبردنی پانێل و سیمیناری بەپێز لە لایەن لێکۆڵەران و ڕەخنەگرانی بواری شیعر و ئەدەب، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە هۆڵی کتێبخانەی زەیتوون لە پارکی سامی عەبدولڕەحمان بەردەوام بوو.

شایانی باسە شاعیران و ڕەخنەگرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش چالاکانە لە هەردوو بواری ڕەخنە و خوێندنەوەی شیعردا بەشدارییان کرد. لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا «کەیهان عەزیزی (سنە) ـ تیۆری خوێنەر و شیعری نوێی کوردی» ، «ڕەئووف محەممەد پوور(هەورامان) ـ مەستوورەی کوردستانی (وەك هێمای ئەدەب و هزری ئەردەڵانییەکان)»، «سالح سووزەنی (سەقز) ـ ئانارشیزمی زمانی لە شیعردا» ، «عەزیز نێعمەتی (ورمێ) ـ ڤەکولینەك ل مەم و زینی خانی»، «ڕەهبەر مەحموودزادە(شنۆ) ـ زمانی شیعریی شاعیرانی موکریان»، « فەرشید شەریفی(کرماشان) ـ هەسارێوە وەرمش زریا و هەناسێوە ئاما باڵا و شێعر برە» بەشدار بوون و لە بەشی خوێندنەوەی شیعریشدا شاعیران ناهید حسەینی، بەهار حسەینی، گوڵباخ بەهرامی، سامال، حەسەن دانشفەڕ و چەند شاعیرێکی دیکە بەشدارییان کرد.

پاشنیوەڕۆی پێنجشەممە بە دابەش کردنی خەڵاتی ڕێزلێنان بەسەر بەشدارانی فێستیڤاڵدا، کۆتایی بە کار و چالاکییەکانی فێستیڤاڵ هات.

# قەڵغانی سەبر

**سەیفی فەرغانی**

**وەرگێڕان: کامیل نەجاڕی**

کاتی نەمانی جیهانی ئێوەش دادێ
بێ ڕەونەقی بۆ زەمانی ئێوەش دادێ

کوندەبۆی شووم بۆ ئەوەی لێتان تێک بدا
بەسەر تەختی خان و لانی ئێوەش دا دێ

زریانی ناکامیی ڕۆژگار زۆر لەناکاو
سارد بەسەر باخ و بێستانی ئێوەش دا دێ

ئاوی ئەجەل کە قورگی هەموو کەس دەگرێ
بەسەر زار و سەر زمانی ئێوەش دا دێ

کەتیختان بۆ ستەم وەک ڕم درێژ بووە
کول بوونی شەمشێرەکانی ئێوەش دادێ

ئەو جیهانە بەقای بۆ دادپەروەر نەبوو
مەرگی بێدادی و نەمانی ئێوەش دادێ

لەم وڵاتە کە نەعرەتەی شێران نەما
نەمانی حەپەی سەگانی ئێوەش دادێ

تۆزی بەرپێی ئەسپ سوارەکان نیشتەوە
نیشتنەوەی تۆزی گاڕانی ئێوەش دادێ

ئەو ڕەشەبایەی زۆر مۆمی کووژاندەوە
بەسەر کۆشکی چراخانی ئێوەش دا دێ

گەلێ کاروان بەم ڕێگایەدا تێپەڕین
کاتی چوونی کاروانی ئێوەش دادێ

وا دەزانن حەوت ئەستێرەو لەئاسمانە
کووژانەوەی حەوتەوانی ئێوەش دادێ

ئەوە میراتی کەسانە پێتان بڕا
بەسەرچوونی ناکەسانی ئێوەش دادێ

دەرفەتی ژیان بۆ خەڵکی تر یەک دوو ڕۆژ بوو
کۆتایی دەرفەتی ژیانی ئێوەش دادێ

سەبر دەکە مەقەڵغانی تیری ئێوە
شکانی تیر و کەوانی ئێوەش دادێ

گوڵی باخی کەسانی تر کە هەڵوەری
خەزان بەسەر گوڵستانی ئێوەش دا دێ

دەسەڵات و سامانتان ئاوی گنخاوە
ڕۆژێک کاتی تووڕهەڵدانی ئێوەش دادێ

تۆ کە مێگەلت بەگورگان سپاردووە
پەل بەستنی گورگەشوانی ئێوەش دادێ

فیلی مەرگ کە شای ژینی مات کردووە
بەسەر باقی مۆرەکانی ئێوەش دا دێ

هاوڕێیانم! ڕۆژێک دادێ بەیادی «سەیف»
دووعای خێر بەسەر زمانی ئێوەش دا دێ

# کۆرپەی مردوو

**فەردین ڕەشیدی**

لە پڕ هاواری مریەمە خاتوونی دراوسێمان
چراکانی کۆڵانی خەیاڵی لەخەو هەستان
دایکم دەڵێ:
کاتی خۆیەتی
بەشکوو لەدوای حەوت دیڵ
نێر منداڵێکی بێ خاتوو مریەم
ئاسمان ڕەش و لێڵ
سەرپۆشی دایکم ڕەش
پەلکەی هەتا ئەژنۆی مریەمە خاتوونیش
ڕەش
دایکم دەڵێ:
کوڕم بەپەلە بڕۆ بۆلای کاکە
شێخ.......................
نوشتەیێکی ئەبوودووجانەی بۆبێنە.
هاواری مریەمە خاتوون
خەونی فریشتەکانی کۆڵانی دراوسێی
هەژاند
خاتوو زارا:
دوو ڕکات نوێژی بۆ بکەن
ڕۆحی پیسی ئەهریمەن داوێنی گرتوە!
میرزای دراوسێی کانیی لای ماڵی خۆدا:
ئاوی زەمزەم
یاخۆ
کەمێ خۆڵی بەر دەرکەی.................بۆبێنن.
خاتوو زارا:
دوو ڕکات نوێژی باران بکەن
ئاسمان پڕلەڕۆحی پیسە و
ئێمەیش ئەهریمەن داوێنی گرتوین.
چاوی ئاسمان گەش
سەرپۆشی دایکم ڕەش
پەلکەی خاتوو مریەم
مێشکی خاتوو زارا..................ڕەش
................
..............
.............
............
نێژران لەنێو گۆڕستانی باوەڕێکی کۆن
و خەست و ڕەش.

www.zaxmeh.blogfa.com

# نەشتەرگەریی یاسای بنەڕەتی و کورد

■ سەلیم زەنجیری

دوای تێپەڕینی سێ دەیە بە سەر کوودیتای سەربازی (١٩٨٢) و سەپاندنی یاسایەکی نیزامیی نادێموکراتیک بە سەر کۆمەڵگای تورکیەدا، بیرۆکەی گۆڕینی ئەو یاسایە ئێستا لە لایەن پارتی دەسەڵاتداریی AKPەوە کەوتووەتە رۆژەڤەوە، چوونکە نە وەڵامدەریی ویست و داواکارییەکانی سەردەم و نە رەنگدانەوەی هەموو چین و توێژ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگای تورکیەیە و بووەتە سەرچاوەی نەهامەتی و ناسەقامگیریی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لەو ولاتەدا. بۆ ئەم مەبەستەش لە دوای هەڵبژاردنی ١٢ی حوزەیرانی ساڵی رابردوو. هەنگاوێکی کردەکی بۆی هاوێژراوە کە ئەویش پێکهێنانی کومیسیۆنێکی تایبەتی لە مەجلیسدا بووە بۆ پێداچوونەوە و داڕشتنەوەی سەرلەنوێی دەستوور بە بەشداریی هەر چوار پارتی سەرەکی لە پارلمان و بە سەرپەرستی راستەوخۆی سەرۆکی مەجلیس (جەمیل چیچەك) وە.

کومیسیۆنی پێوەندیدار لە ماوەی حەوت مانگی رابردوودا سەرەڕای لێکدانەوە و خوێندنەوەی وردی یاسای بنەڕەتیی پتر لە ٦٠ وڵاتی جیهان، کۆکردنەوەی راو بۆچوونی کارناسانی بواری یاسا، پارتە سیاسییەکان و هاووڵاتییانی تورکیەی لە ئەستۆ بووە کە بە پێی قسەی ئەو کومیسیۆنە پرۆژە و پێشنیاری لە ١٤ حیزبی سیاسی، ٢١ زانکۆ، ٣٩ یەکیەتی و رێکخستنی حیرفەیی و ٧٩ ناوەند و رێکخستنی مەدەنی لە پێناو ئامادەکردنی یاسای نوێدا کۆ کردووەتەوە. کاری ئەم کومیسیۆنەش لە ١ی مای ٢٠١٢ (١٢ی بانەمەڕ)ەوە چووەتە قۆناغێکی دیکەوە کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەبێ رەشنووسی دەستووری نوێ پێشکەشی پارلمان بکات و لە دوای هەڵسەنگاندن و پەسەندکردنی لە لایەن پارلمانەوە دەخرێتە بەر راپرسی و رێفراندۆمەوە کە لە ئەگەری سەرکەوتنیدا دەبێتە جێگرەوەی یاسای ئێستا.

بەڵام مەسەلەی ئەسڵی لێرەدا، ئەوەیە کە رای گشتیی تورکیە، پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن و پارتی دەسەڵاتدار چەندە جیددی و خوازیاری گۆڕینی ئەو گوتارە نیزامییەن بۆ لۆژیك و دەستوورێکی سڤیل و ئاشتیخوازانە، یان ئەوەی کە هەر یەك لەوان چەندە ئامادەن هەزینە و تێچووی بۆ بدەن و دەست لەو پاوانخوازی و هەستە شوڤینییەیان بەر بدەن کە جارێ نارِوونە. بەڵام ئەوەی کە لە بەرامبەردا هیوا، خواست و تێکۆشانێك لە ئارادایە بۆ هێنانەدیی دەستوورێکی نوێ و سەردەمیانە کە رەنگدانەوەی ناسنامە جۆراوجۆرەکان و یەك لەوان کورد بێ، گومانێك لە ئارادا نیە. لێ چەندە دەگونجێ و لەو هێڵەدا دەچێتە پێش و سەرکەوتوو دەبێ، بە سەرنجدان بە رەهەندی مێژوویی، کاراکتەری دەوڵەتی، فاکتەری دەروونناسانەی کەسانی فاشیست و ناکۆکی و دژایەتیی پارتە ناسیۆنالیست و شوڤینیستیەکان، ناکرێ زۆر هیوادار و گەشبین بین و وێنای چارەسەری هەموو کێشەکان و تورکیایەکی دێموکراتیك بکەین. چوونکە هەندێك فایل و کێشەی هەستیار لە تورکیەدا هەن کە تا ئێستاش دەستبردن بۆیان بڤە و تابۆ بووە و یەك لەوانیش دۆزی کوردە کە لە ماوەی نزیك بە یەك سەدەی رابردوودا هەموو هەوڵێك بۆ ئینکار، تواندنەوە و لەنێوبردنی گیراوەتە بەر و دەوڵەتی تورکیە لەسەر ئەساسی یەك نەتەوە، یەك خاك، یەك زمان و یەك دین ئیدارە کراوە کە نە تەنیا سەرکەوتوو نەبووە و تورکیای پێش نەخستووە، بەڵکوو زەربەی زۆر قورس و کاریگەریشی لە پەیکەری ئەم وڵاتە لە بواری حقوقی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە داوە. بۆیە هێز و کاتالیزۆرێکی بەهێزی دەوێ بۆ گۆڕینی ئەم زێهنییەتە پاوانخواز و میلیتاریستییە کە تەنیا بە کوردەکان ناکرێ.

ئەوەی کە لێرەدا گرینگە سەرەڕای ئیرادە، ڤین و پێداگری پارتی دەسەڵاتدار بۆ بڕەودانی دێموکراسی لە تورکیەدا، یەکیەتی، یەکگرتوویی و کار و خەباتی هاوبەش، بەردەوام و ئاشتییانەی کاراکتەری کورد و هێزە سیاسییەکانیەتی کە سەنگی مەحەکە کە چەندە دەتوانن شوێندانەر و کاریگەر بن لەسەر گونجاندنی ماف و داواکارییەکانیان لە دەستووری نوێدا.




هەر چەند کە پرۆژە پێشنیازی هاوبەشیان پێشکەشی کومیسیۆن کردووە کە بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی و ناسنامەی کورد کاکڵ و هەوێنی ئەسڵی داواکارییەکەیان پێك دێنێ و پارتی ئاشتی و دێموکراسی (BDP) ئەمەی وەکوو هێڵی سووری حیزبەکەی لە پارلماندا داناوە کە بە تێپەڕین یان پشتگوێ خرانی ئەوانە، دەستووری نوێ کارکردێکی ئەوتۆی بۆ کوردەکان نابێ.

ئێستا کە دەستووری تورکیە لە بەردەم نەشتەرگەرییەکی گەورەدایە و بۆ ئەوەی کە تورکیە لەو نەخۆشییە کوشندانە رزگاری بێ، پێویستە سەرچاوەی هەڵاواردن، رۆحی میلیتاریستی و هەستی شوڤینییەت لە دەستووری نوێدا بنبڕ بکرێت و نۆرم و پێوانەکانی یەکسانی و هاوچەشنی لە ماف و بەرپرسایەتی تێدا رەنگ بداتەوە تاکوو هەموو کەسێك لە ژێر سێبەریدا هەست بە بەختەوەری و دادپەروەری بکا و لە هەمان کاتیشدا خۆی بە بەرپرسیار بزانێت، بە پێچەوانە چارەسەری کاتی و رووکەشیانە، قەیرانەکانی قووڵتر و ئاڵۆزتر دەکات.

بۆیە دەرفەتێکی مێژوویی دیسان کەوتووەتە سەر رێگای پارتی دەسەڵاتداری داد و گەشەپێدان بۆ ئەوەی کە بتوانێ سیاسەتەکانی خۆی بەرێتە پێش و بە تایبەتی کە ئێستا باس لە سیستمی سەرۆکایەتی بۆ تورکیە دەکات ، لەو سۆنگەیەشەوە جارێکی تر پێویستە متمانەی کوردەکان بەدەست بێنێ، بۆیە دەبێ ئەمجارە درووشم و بەڵێنەکانی لە دەستووردا بخاتە بواری پراکتیکەوە و لەو تاقیکردنەوە دەستوورییەدا بسەلمێنێ کە کورد و تورك هاوتان و تورکیەش هی هەموو هاووڵاتییانی تورکیەیە بێ جیاوازی ئایینی، مەزهەبی، نەتەوەیی، زمانی و ... هتد.

هەرچەند کە لێدوانەکانی ئەم دواییانەی سەرۆك وەزیران لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا کە تەنیا دەتوانێ لە چوارچێوەی دەرسێکی هەڵبژاردەدا بێ یان بەرپرسێکی دیکە پارتی دەسەلاتدار، زمانی ٢٠ میلیۆن کورد بە زمانی ناشارستانی و غەیرەپەروەردەیی ناو دەبات، تۆزێك گومان دەخاتە سەر هیواکان بۆ لێبڕاوی، ئیرادە و خواستی بەهێز و جیددی حکوومەت بۆ چارەسەرکردنی یەکجارەکی کێشەی کورد و کێشەکانی دیکەی تورکیە بە پێی دەستوور. بەلام ئەگەری زۆرە کە ئەم پرۆسەیە بە قازانجی بەرفراوانبوونی سنووری دێموکراسییەت و مافی شارۆمەندان و تاکەکەس بشکێتەوە کە پێویستە کوردەکانیش هاوکار و یارمەتیدەرێکی وشیار و وریای بن.

# گەشەکردنی نێئۆنازی و راستە توندڕەوەکان لە ئوروپادا

■ شەهاب خالیدی

ئەو هەڵبژاردنە پارلمانی و سەرکۆمارییانەی کە لەم دواییانەدا لە هێندێك وڵاتی ئورووپایی لەوانە فەڕانسە، یوونان، ئیسپانیا و ...هتد بەڕێوە چوون، لانیکەم ئەو راستییەیان سەلماند کە زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتانە لە سیاسەتە ئابوورییەکانی دەوڵەتەکانی خۆیان نارِازین و دەسەڵاتدارانی وڵاتەکانیان بە هۆکاری پێکهاتنی وەها قەیرانێك دەزانن و هەر بۆیەش دەنگ بە حیزبێکی دەرەوەی دەسەڵات دەدەن کە بۆ باشترکردنی رەوشی ئابووری و رزگارکردنیان لەو قەیرانە ئابوورییە هەوڵێکی جیددی بدات.

خاڵی جێگای سەرنج و لێوردبوونەوە ئەوەیە کە لەو هەڵبژاردنانەدا حیزبە راستە توندڕەوەکان بە هەڵگرتنی دروشمی نەتەوەخوازی، چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری و پێکهێنانی دەرفەتی کار، دژایەتی لەگەڵ وەرگرتنی پەنابەران (مهاجرستیزی) توانیویانە خەڵکێکی زۆر لە دەوری درووشمەکانیان کۆ بکەنەوە و لە چاو هەڵبژاردنەکانی پێشوو دەنگی زیاتری خەڵك وەدەست بێنن، کە لە راستیدا پەرەگرتنی ئەو بیر و هزرە نەتەوەخوازی و دژە پەنابەرە شرۆڤە و لێکدانەوەی جیاجیای بۆ دەکرێت و بۆتە جێگای نیگەرانیی زۆری بیانییەکان لە وڵاتە ئورووپاییەکاندا.

لە وڵاتێکی وەك فەرانسەدا شاهیدی ئەوە بووین کە ماریەن لوپێن، پاڵێوراوی حیزبی «بەرەی نەتەوەیی» بۆ پۆستی سەرکۆماریی فەرانسە کە نوێنەرایەتیی راستە توندڕەوەکانی دەکرد، بە وەدەستهێنانی لە سەدا ١٨ی دەنگەکان لە ریزی سێهەمدا جێی گرت. هەرچەند ناوبراو نەیتوانی لە دەوری دووهەمیشدا بەشدار بێ، بەڵام سەلماندی کە بیر و هزری ئەو و حیزبەکەی لە نێو خەڵکی فەڕانسەدا چەندە لایەنگری هەیە. هەروەها لە هەڵبژاردنە پارلمانییەکانی یووناندا دیتمان کە حیزبی «کریسی ئاوری» کە لە نێئۆنازییەکان پێك دێ، توانی بە بەدەستهێنانی لەسەدا ٦ی دەنگەکان، ١٩ کورسی لە پارلمانی یووناندا بەدەست بێنێ کە ئەمە یەکەم جار لە مێژووی یووناندایە کە حیزبێکی نێئۆنازی رێی بکەوێتە پارلمانی ئەو وڵاتە.

بۆ سەلماندنی ئەو راستییە کە کامە وڵاتی ئورووپا زیاتر لەگەڵ دیاردەی پەرەگرتنی راستە توندڕەوەکان لە ئاستی دامەزراوە سیاسییەکان بە تایبەتی پارلمان و دەوڵەتەکان بەرەوڕوویە، لێرەدا دەقی راپۆرتێك دەخەینە بەرچاو کە لە ماڵپەری کاناڵی ئەلجەزیرەدا بڵاو کراوەتەوە و بەم شێوەیەیە:

ئوتریش: راستی توندڕەو خاوەنی ٥٥ کورسی لە کورسییەکانی پارڵەمانی ئەو وڵاتەیە کە ئەو ٥٥ کورسییە لە نێوان حیزبی «ئازادی» (بە ٣٤ کورسی لە کۆی ١٨٣ کورسی) و هاوپەیمانەتیی «بۆ دواڕۆژی ئوتریش» (بە ٢١ کورسی) دابەش بووە کە دەبێتە لە سەدا ٢٨,٢ی دەنگی خەڵك.

سوئیس: لەو وڵاتەدا «حیزبی خەڵکی سویس» بە رێبەریی تونی برونێر کە نوێنەراتیی راستە توندڕەوەکان دەکات، لە هەڵبژارنە پارلمانییەکانی ٢٠١١دا توانی لە سەدا ٢٦,٦ی دەنگەکان واتە ٥٤ کورسیی پارلمان لە کۆی ٢٠٠ کورسی بە دەست بێنێ. ئەو حیزبە خاوەنی بیر و هزرێکی توندڕەوانە و نەژادپەرەستانەیە.

نۆرویژ: حیزبی «کۆنگرەی راستی توندڕەو» خاوەنی ٤١ کورسی لە کۆی ١٦٩ کورسیی پارلمانە کە لە سەدا ٢٣ی دەنگەکان پێك دێنێ. یەکێك لە ئەندامانی ئەو حیزبە ئاندریاس پاتریکە کە لە هاوینی ساڵی ٢٠١١ تەقەی لە کۆمەڵێك لە لاوانی سەر بە «حیزبی کرێکار» کرد و لە ئاکامی ئەم جینایەتەی ناوبراودا زیاتر لە سەد کەس کوژران و بریندار بوون. هەڵبەت دوای ئەم جینایەتە حیزبی «کۆنگرەی راستی توندڕەو» لە هەڵبژاردنە ناوچەییەکاندا لەگەڵ شکستێکی قورس بەرەوڕوو بووەوە.

فەنلاند: حیزبی «فەنلاندییە راستەقینەکان» کە حیزبێکی راستی توندڕەوە، توانی لە هەڵبژاردنە پارلمانییەکانی مانگی ئاوریلی ٢٠١١دا سەرکەوتنێکی بەرچاو بە دەست بێنێ و لە کۆی ٢٠٠ کورسیی پارلمان ٣٩ کورسی بۆ خۆی مسۆگەر بکا.

مەجارستان: حیزبی « هاوپەیمانەتیی لاوانی راسترەو ـ بزووتنەوە بۆ مەجارستانێکی باشتر» (جوبیك) لە هەڵبژاردنە پارلمانییەکانی ئاوریلی ساڵی ٢٠١٠دا توانی ببێتە خاوەنی ٤٦ کورسی لە کۆی ٣٨٦ کورسی. ئەو حیزبە بانگەشەی ناسنامەی نەتەوەیی دەکات و هێندێك جار پروپاگەندە بۆ نازیسم دەکات.

دانمارك: راستی توندڕەو لەو وڵاتەدا دوای دەستپێراگەیشتنی «حیزبی خەڵك» لە هەڵبژاردنە پارلمانییەکانی ئەو وڵاتەدا بە ٢٢ کورسی لە کۆی ١٧٩ کورسیی پارلمان، بووە بە هێزێك لە نێو رەوشی سیاسیی ئەو وڵاتەدا و خاوەنی بیر و هزری دژی پەنابەر (مهاجرستیزی)یە.

هۆلەند: حیزبی «بۆ ئازادی» بە سەرۆکایەتیی گریت ویلدرز کە حیزبێکی راستی توندڕەوە، لە هەڵبژاردنە پارلمانییەکانی ئەو وڵاتە لە مانگی ژووئەنی ساڵی ٢٠١٠، توانی ٢٤ کورسی لە کۆی ١٥٠ کورسیی پارلمان بەدەست بێنێ.

بلژیك: راستی توندڕەو لەو وڵاتەدا بە سەرۆکایەتیی حیزبی «بەرژەوەندیی فەنلاندییەکان» لە هەڵبژاردنە پارلمانییەکانی ئەو وڵاتە لە ژووئەنی ٢٠١٠دا توانی ١٢ کورسی لە کۆی ١٥٠ کورسیی پارلمان بەدەست بێنێ. ئەم حیزبە خاوەنی بیر و هزری نەتەوەیی و جیاییخوازانەیە.

سوئێد: راستی تەندڕەو لەو وڵاتەدا بۆ یەکەمین جار دوای هەڵبژاردنە پارلمانییەکانی مانگی سێپتامبری ساڵی ٢٠١٠ بە سەرۆکایەتیی «حیزبی دیمۆکراتەکانی سوئێد» رێی کەوتە پارلمان و توانی ٢٠ کورسی لە کۆی ٣٤٨ کورسیی پارلمان بەدەست بێنێ.

ئیتالیا: حیزبی « پەیوەندی باکوور» کە حیزبێکی راستی توندڕەوە و هاوپەیمانی دەوڵەتی پێشووی ئیتالیا بە سەرۆکایەتیی بێرلۆسکۆنی بوو، دژی وەرگرتنی پەنابەرە و لە هەڵبژاردنە پارلمانییەکانی ساڵی ٢٠٠٨ توانیبووی ٦٠ کورسی لە پارلمان و ٢٥ کورسی لە سەنای ئیتالیا بەدەست بێنێ.

ئاڵمان: راستی توندڕەو و نێئۆنازییەکان بە سەرۆکایەتیی «حیزبی نەتەوەیی دێموکرات» کە پروپاگەندە بۆ رەگەزی سپی پێست دەکات، لە هێندێك لە ئەیالەتەکانی ئەو وڵاتەدا توانی بۆ هەڵبژاردنە پارلمانییەکان دەنگ بەدەست بێنێ.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم زانیارییانە دەتوانین بگەینە ئەم دەرئەنجامە کە ئەگەر حیزبە دێموکراتیك و پێشکەوتووکانی وڵاتە ئورووپاییەکان نەتوانن ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە وڵاتەکانیانی داگرتووە، چارەسەر بکەن، ئەوا بە پەرەگرتنی رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتری راستی توندڕەو و رەنگبێ لە داهاتووشدا بە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن ئەوانەوە، ئەوان نەتەنیا لەو قەیرانە ئابوورییە رزگاریان نەبێ، بەڵکوو لەگەڵ زۆر قەیرانی دیکەی کۆمەڵایەتی و سیاسیش بەرەوڕوو بن و خەسار بەو دێموکراسییەش بگات کە ئەوان ئەو دێموکراسییە وەك یەکێك لە شانازییە هەرەگەورەکانی خۆیان بە حەسێب دێنن.



# ئابووری ئێران و داهاتوویەکی ڕەش

■ کەیهان یووسفی

لەم چەند ڕۆژەی دواییدا مەجلیسی ڕێژیمی ئێران لە حاڵێکدا گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی ١٣٩١ی پەسەند کرد کە سەقفی بوودجە واتا گرنگترین تۆخمی بوودجە تێیدا دیاری نەکرابوو (چوارشەممە ٢٠ بانەمەڕ). ئەمەش بۆ خۆی بە جۆرێك باس لە بێسەروبەرەیی و بشێوی و ئاڵۆزیی دۆخی سیاسی و ئابووریی ڕێژیم دەکات. گەرچی بەرپرسانی ڕێژیم بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئابلۆقە نێونەتەوەییەکان شوێنداریییەکی ئەوتۆی لەسەر دۆخی ئابووریی وڵات نەبووە، بەڵام ڕاستییەکان و ڕەوشی کۆمەڵگای ئێران مەسەلەیەکی دیکەمان بۆ باس دەکەن.

ئەحمەدی تەوەکولی، یەکێك لە ڕەخنەگرانی حکوومەتی ئەحمەدی نژاد و نوێنەری مەجلیسی ڕێژیم باس لەوە دەکات کە بەستراوەیی بۆ کەڵکوەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە داهاتی نەوت لە بوودجەی ئەمساڵدا ٥٥ لە سەد گەشەی کردووە واتا لە ٤٣٤ هەزار میلیارد ڕیاڵ لە ساڵی ٩٠دا بەرز بۆتەوە بۆ ٦٧٢ هەزار میلیارد ڕیاڵ بۆ ساڵی ٩١.

بەستراوەیی بوودجەی وڵات بە نەوت لە کاتێکدا زۆرتر دەبێت کە ئامارە نێونەتەوەییەکان لەمەڕ بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران باس لە دابەزینێکی بێوینە لە دوای شەڕی ئێران و عێراقەوە تا هەنووکە دەکەن. ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران لە کۆتایی مانگی ئاوریلدا ٣ میلیۆن و ١٩٦ هەزار بەرمیل لە ڕۆژدا بوو، کە ئەم ڕادەیە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١دا، ٣میلیۆن و ٥٦٣ هەزار بەرمیل و لە ساڵی ٢٠٠٤دا، ٤ میلیۆن و ٧٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژدا بووە (وال ئێستریت ژورناڵ ـ بە گێڕانەوە لە ماڵپەڕی فەرمی ئاژانسی جیهانی وزە ١٣٩١/٢/٢٢). هەروەها ئەم ڕاپۆرتە باس لەوە دەکات کە ئێران لەم بەرهەمهێنانەش نەیتوانیوە ١٥ تا ٢٥ لە سەدی بفرۆشێت و هەروەها ڕاپۆرتەکە باس لە دابەزینی ٦٠٠ هەزار بەرمیلی نەوتی ئێران بە بەراورد لەگەڵ چەند مانگی ڕابردوودا دەکات.

ئەمەش لە حاڵێکدایە کە بەرپرسانی ڕێژیم گەمارۆکان بە ناکاریگەر لەسەر خۆیان ناو دەبەن. بەڵام چوونەسەرەوەی نرخی شتومەکەکان بۆ نموونە: چوونەسەرەوەی ٥١ لەسەدی نرخی شیر و ماست، ٩١ لە سەدی سەوزی تازە، ٤٥ لە سەدی گۆشتی سوور و ٤٢ لە سەدی گۆشتی مریشك (ڕاپۆرتی بانکی ناوەندی ئێران، حەوتووی کۆتایی ٨ی بانەمەڕی ئەمساڵ) باس لە بەرزبوونەوەی نرخی ئاوسان بۆ ٢١/٥ لە سەد (بانکی ناوەندی) دەکەن ئەمەش لە حاڵێکدایە کە حکوومەت چوونەسەرەوەی حەقدەستی کارمەندانی ١٥ لە سەد دیاری کردووە کە ئەمەش باس لە خراپتربوونی ئاستی بژێوی خەڵك دەکات. خشتەی خوارەوە باس لە ئاستی بژێوی خەڵك لە ساڵانی ڕابردوودا دەکات، کە وێدەچێت بۆ ساڵی ٩١ زۆر خراپتریش بێت.

| ساڵ | هێڵی هەژاری | داهاتی کرێکاران بە پێی بڕیاری ئیدارەی کار |
|---|---|---|
| ١٣٨٨ | ٧٨٠ هەزار تمەن | ٢٦٤ هەزار تمەن |
| ١٣٨٩ | ٨٥٠ هەزار تمەن | ٣٠٣ هەزار تمەن |
| ١٣٩٠ | ١میلیۆن تمەن | ٣٣٠هەزار تمەن |

بە وتەی جێگری سەرۆکی ناوەندی باڵای ئەنجوومەنی سینفی کرێکارانی ئێران: «زیاتر لە ٥٥ لە سەدی گرێبەستی نێوان کرێکاران و خاوەنکاران سپییە» کە ئەمەش باس لە نەبوونی ئەمنییەتی پیشەیی بۆ کرێکاران دەکات کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕەوشیان لە خراپتربووندایە.

کێشەی ئابووریی ئێران ئەوەندە قووڵە کە باڵەکانی نێوخۆی دەسەڵاتیش ناتوانن چاوپۆشی لێ بکەن و جارجار ئەم ڕاستییە دەدرکێنن، بۆ نموونە ماوەیەك لەمەوپێش عەلی لاریجانی، سەرۆکی مەجلیسی ڕێژیم باسی لەوە کردبوو کە حکوومەت نرخی بەنزین بەرز دەکاتەوە بۆ لیترێك ٢٠٠٠ تمەن. ئەحمەدی نژاد لە وتەکانی لە سەفەری دوایی خۆی بۆ مەشهددا: کارێکی بەم چەشنە بە درۆ ناو دەبات.

قۆناغی دووهەمی ئامانجدارکردنی سوبسیدەکان لە حاڵێکدا کردەیی دەبێت کە قۆناغی یەکەمی ئەم گەڵاڵەیە وێڕای پروپاگەندەکانی حکوومەت نەیتوانی سەرکەوتوو بێت.

حکوومەت لە قۆناغی یەکەمدا بڕی ٤٥ هەزار میلیارد تمەنی بە بنەماڵەکان داوە لە حاڵێکدا داهاتی ئەم گەڵاڵەیە تەنیا ٢٩ هەزار میلیارد تمەن بووە واتا کەمی بوودجە بە بڕی ١٦ هەزار میلیارد تمەن.

ئەمیر تاهیر خانی، نوێنەری تاکستان لە مەجیلس لەمەڕ بوودجەی ساڵی ٩١ دەڵێت: «بوودجەی پێشکەشکراو نەك تەنیا گرانی هەوسار ناکات بەڵکوو خێرایی گرانی زۆرتر دەکاتەوە».

بەڵام ئەحمەدی نژاد لە وتەکانی لە شاری مەشهەد دیسانەوە بێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ سەرچاوەیەك بکات، دەڵێت: «ناوەندە جیهانییەکان داوایان لە وڵاتان کردووە کە لەم گەڵاڵەی ئێمە کەڵك وەرگرن، ئامووزش ببینن و لە پسپۆڕانی ئێرانی ڕێنمایی وەربگرن و ...». کامە ناوەند و کەی و لە کوێ شتێکی وا وتراوە؟ ئەحمەدی نژاد هیچ ئاماژەیەکی پێ نەکردووە.

بەڵام ڕاستییەکان باس لەوە دەکەن کە زۆربەی بەرهەمهێنەران دوای کردەییکردنی فازی یەکەمی ئامانجدارکردنی سوبسیدەکان کارخانە و کارگەکانیان داختسووە و بە کردەییکردنی فازی دووهەم دەبێت باسی بەرهەمهێنان لە ئێراندا ئیدی نەکرێت.

لە ماوەی ٧ ساڵ سەرۆك کۆماریی ئەحمەدی نژاددا زیاتر لە ٨٣ لە سەدی داهاتی نەوت تەرخان کراوە بو هاوردە بۆ وڵات کە ئەمەش بۆ خۆی دەرخەری دۆخی ئابووریی ئێرانە.

بەڵام نابێت چاو لە هاوردەی قاچاغ کە لە لایەن ناوەندەکانی دەسەڵاتەوە پشتیوانی دەکرێت و دەوری ماڵوێرانکەری بۆ سەر بەرهەمهێنەرانی وڵات هەیە، نەکەین. ئەم هاوردانە کە هیچ باج و تەعرفەیەك لە خۆ ناگرن تەنیا گیرفانی هێندێك کاربەدەستانی حکوومەتی پڕ دەکەن و بەرهەمی بۆ ئابووریی وڵات داختسی کارگەکان لەبەر ناتوانی ڕکەبەرایەتی شتومەکەکانی ئەوان لە بەرانبەر شتومەکی هەرزانی بیانیدایە کە ئەمەش دەبێتە هۆی هەرچی زیاتر ئیفلیجبوونی ئابووریی وڵات.

گەشەی ئابووریی ئێران بە پێی ئامارە نێونەتەوەییەکان لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا لە نێوان سفر و یەکدا بووە لە حاڵێکدا ئەم ڕادە بۆ وڵاتیی دراوسێی ئێران واتا تورکیە کە نەوتیشی نیە، ١٠ لە سەد بووە.

لە حاڵێکدا نرخی ئاوسان لە ئێران ٢١/٥ لە سەدە کە نێونجی نرخی ئاوسان لە ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست ٩/٩ لە سەد بووە.

چوونەوەسەرەوەی نرخی دراو لە بەرانبەر پارەی ئێراندا دیسانەوە بەڵگەیەکی دیکە بۆ سەلماندنی دۆخی ئابووریی ئێرانە. بە گشتی دۆخی ئابووریی ئێران وێڕای بەربڵاوتربوونەوەی گەمارۆکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبێت و ئاستی هەناردە و بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران وەکوو سەرەکیترین سەرچاوەی داهاتی وڵات کەمتر و کەمتر دەبێتەوە کە ئەمەش باس لە داهاتوویەکی ڕەش بو ئابووریی ئێران دەکات.

# جووت حەوت

هەوراز

ـ خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لەمەڕ شاهنامەی فیردەوسی گوتوویە: «لە فەرهەنگی شاهنامەدا کەسێکی حیزبوڵڵایی بە غیرەتی دینخوازی شەڕکەر دەبینرێت، بۆ نموونە ئیسفەندیار کەسێکی وەك ئەم کوڕە حیزبوڵڵاییانەی ئەمڕۆی خۆمانە». لە فەرهەنگی حیزبوڵڵاییدا، «بە غیرەتی دینخوازی شەڕکەر» بە واتای «نەفامی ناحاڵیی گوێ لە مەستی شەڕانییە».

بۆ ئاگاداریی زیاتر، ئیسفەندیاری شاهنامە کەسێکی گوێ لە مستی تێنەگەیشتووە کە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات دیهەوێ کەلەپچە لە دەستی ڕۆستەم بکات و بە دیلی بیباتە خزمەت باوکی تاجداری. ئیسفەندیاری حیزبوڵڵایی بە ئامۆژیارییەکانی ڕۆستەم چاوی ویژدان و عەقڵی ناکرێتەوە و لە کۆتاییدا نەك هەر هیچی پێ ناکرێت، بەڵکوو ڕۆستەم تیرێك لە چاوی دەدات و دەیکوژێ و تەرمەکەی دەنێرێتەوە خزمەت گەرشاسب کە ولیی فەقیهی ئەو سەردەمە بووە. کەواتە لێرەدا «ڕۆستەمی ئاوەزمەندی بە ویژدانی پاڵەوان» لە ڕوانگەی خودی وەلی فەقیهیشەوە خەباتکارانی ڕێگای دێموکراسیی ئێرانن کە چاوی نەفامی و سەرەڕۆیی دەردێنن. با خامنەیی لە هەموو ژیانیدا جارێکیش ڕاست بڵێ.

ـ جەهانگیرزادە، نوێنەری مەجلیسی ڕێژیم گوتوویە: «ناکرێ دەوڵەت چاڵێك هەڵکەنێت و مەجلیس پڕی بکاتەوە». کەواتە دەکرێ مەجلیس چاڵێك هەڵکەنێت و دەوڵەت پڕی بکاتەوە. هەڵبەت ئەو چاڵەی کە مەجلیس و دەوڵەت و کەلاکی ڕێژیم تێی کەوتوون، لە لایەن هەموویانەوە هەڵکەنراوە و ئێستا بۆ خۆیان تێیدا ماونەتەوە. هەر بۆیە دەکرێ خەڵکی ئێران پڕی بکەنەوە، بەڵام بە مەرجێك ئاغایان بۆ خۆیان لە بن چاڵەکەدا بمێننەوە و سەبری ئینقلابییان هەبێت تا دوایین پێمەڕەی خاکی بە سەردا بکەین و پێمەڕەکوتی بکەین.

ـ ئەحمەدی‌نژاد، سەرکۆماری خامنەیی لە وەڵامی خەڵکی ناوچەی «دەنو»ی خۆراساندا کە داوایان دەکرد گوندەکەیان بکرێتە شارستان، گوتوویە: «ئێوەش دەبێ بۆ خۆتان هەوڵ بدەن حەشیمەتتان زیاتر بکەن، ماشەڵڵا قەدیمییەکان لەم بوارەدا (زاوزێ) زۆر ئازاتر لە ئێوە بوون، ئەگەر ئەوان لێرە بان لە کورتترین ماوەدا ئەم کەمووکوڕییەیان قەرەبوو دەکردەوە».

چاك بوو لە مەعنای ئازایەتی و بوێری تێگەیشتین، خوا مەحموودمان لێ بە زیاد بکات!!! باب و باپیرانی ئێمەش ئازا بوون، بەڵام گوندەکەمان نەبوو بە شار، تەنانەت نەسڵی ئەمڕۆشمان بڕێك ئازایەتی تێدایە، بەڵام گوندەکان هەر گوند دەمێنێتەوە.

پێشنیارمان بۆ مەحموود ئەوەیە کە بڕێك لەو ئازایەتییە بە فارسەکان نیشان بدەن با ببنە نەتەوە! و هێندە لە پێناسەی بەکۆمەڵی خۆیاندا دردۆنگ نەبن.

ـ سەید حەسەن عاملی، بەرنوێژی هەینیی ئەردەوێڵ ڕایگەیاندووە: «کێبڕکێی یۆرۆویژن کوشتارگای ژنانە!!! و ئێمە دەمانهەوێ پێناسەیەکی نوێ لە ژن بخەینە ڕوو».

شایانی باسە کێبڕکێی یۆرۆویژن هیچ پێوەندییەکی بە بەردباران، سیغە، مارەبەجاش و هتدەوە نیە و هیچ ژنێکیش لەوێ سەرنابڕن، بەڵکوو ژنانی هونەرمەند بە پێشکەشکردنی گۆرانی و مۆسیقاکەیان تیر لە جەرگی سەید حەسەنەکان دەدەن.

سەبارەت بەو پێناسە نوێیەش دەبێ بڵێین: «ئەو پێناسە نوێیەت زۆر کۆنە تۆفیق! سەد ساڵ پێش ئەوەی تۆ بێیتە دنیا، خاڵۆ فەرەجی ڕەحمەتی پێناسەی لەو شێوەیەی کردبوو. کەواتە کا بە بای کۆندا مەکە! خڕی کەرەوە!

# میراتی باپیران یان ئەمانەتی نەوەکان!؟

■ ن: چریکە کەلهۆڕ

■ و: فاتیح ساڵحی

میراتی فەرهەنگی ئاوێتەوشەیەکی باوە کە بە هەموو ئەو ئاسەوارانەی کە لە ڕابردوو بەجێ ماوە و خاوەنی بەهای فەرهەنگییە دەگوترێ. بە گشتی میراتی فەرهەنگی بە دوو بەشی ماددی و مەعنەوی پۆلێنبەندی دەکرێ کە دەستەی دووهەم خۆی بە دوو ژێرگرووپی مەنقوول (ئەو شتەی کە دەکرێ ڕابگوێزرێ وەك ئاسەوارە مۆزەییەکان)و غەیرەمەنقوول (ئەو شتەی کە ڕاناگوێزرێ وەك ناوچە کەوناراکان) دابەش دەکرێ. دەبێ قەبووڵی بکەین کە کێشەکانی میراتی فەرهەنگی لەم دوو ئاوێتەوشە سەرچاوە دەگرێ. میرات لە وشەدا بە مانای ئەو شتەیە کە لە باپیرانەوە بە میرات گەیشتووە و بە شێوەیەکی سروشتی میراتبەران ئەوە بە مافی خۆیان دەزانن و لە سەردەمێکدا کە هەموو شتێ بە پووڵ و پارە هەڵئەسەنگێندرێ، دەتوانرێ وێنا بکرێ کە میراتبەران چ جۆرە کەڵکێ (لە ڕاستیدا کەڵکئاژۆ) لەم میراتە لە پێش چاویانە. بەشی دووهەمی ئاوێتەی سەرەوە وشەی فەرهەنگە کە نەتەنیا لە بواری میراتی فەرهەنگیدا بەڵکوو لە تەواوی ئەو کێشانەی کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا هەن ئەم وشەیە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ. ئاگایی و زانایی دوو داتای سەرەکی لە پێشکەوتنی فەرهەنگەکانن کە بە داخەوە بە هۆکارگەلێکی جیاواز بەردەوام پەراوێز خراون.

لە وەها بەکگراوندێکدایە (ڕوانینی میراتخولگە و ئاستی خوارەوەی فەرهەنگ) کە دۆزینەوە، پاراستن و نۆژنکردنەوەی فەرهەنگی سەرنجی پێ نادرێ. بە بێ ئاگاییبەخشی و چوونەسەرەوەی ئاستی فەرهەنگ ناتوانرێ چاوەڕوان بکرێ کە خەڵك میراتی فەرهەنگی نە بە میراتی باپیران بەڵکوو بە ئەمانەتی نەوەکانی داهاتوو بزانن. بارودۆخی میراتی مەعنەوی لەم نێوانەدا تا ڕادەیەك باشترە، چونکوو بە شێوەیەکی ئاسایی ناتوانرێ کەڵکی ماددی لێ وەربگیردرێ. لە بەشی میراتی فەرهەنگی مەعنەویدا زیاترین کێشەکان لە لایەن دەوڵەتە سەرەڕۆکان و ناوەندتەوەرەکان پێك دێ کە لە هەوڵی داسەپاندنی داتا فەرهەنگییەکانی خۆیان (وەك زمان، مووسیقا، سەما، ئەدەبیات و ڕێوڕەسمە سوننەتییەکان و...)دان. لە ڕاستیدا لەم بەشەدا خەڵکەکانی هەر فەرهەنگێ خۆیان پارێزەرانی ئەون و کێشە لە لایەن دەوڵەتەکانەوەیە. لە حاڵێکدا لە بەشی میراتی فەرهەنگی ماددیدا سەرەڕای ئەو کێشانەی کە کاربەدەستانی دەوڵەت لە پێکهێنانیدا تەقسیربارن، خەڵکیش نە تەنیا سەرنجێ نادەنە پاراستنی ئەم ئاسەوارانە بەڵکوو خۆیان دەبنە هۆکاری سەرەکیی تێداچوونیان. زۆربەی ئاسەوارەکانی ئەم دەستەیە (بە تایبەت تەپۆڵکە کەوناراکان) بە خەستی لە لایەن تاڵانچییانی فەرهەنگییەوە دەکەونە بەر پەلامار و هێرش و یان لە لایەن وەرزێڕانەوە تەخت دەکرێن، و لەمە بەزامتر کە زۆربە ـ بە خەڵکی ئاسایی و کاربەدەستانی دەوڵەتیشەوە ـ ئەسڵەن ئەم دەڤەرانە نەك بە میراتی فەرهەنگی نازانن بەڵکوو وەك شوێنێ بۆ دۆزینەوەی گەنج سەیری دەکەن. لە ڕاستیدا لەسەر بنەمای مەتەڵی «عەقڵی خەڵك لە چاویاندایە»، زۆرێك لە تاکەکان شوێنگەلێ وەك قەڵای هەولێر بە گرینگتر لە تەپۆڵکەیەکی چاخی نوێبەردینی کۆن دەزانن، غافڵ لەوەی کە بۆ وێنە بایەخی کوردستان لە کەوناراناسی جیهاندا بە هۆی بوونی دەڤەرە زۆرەکانی چاخی نوێبەردینی کۆن و نوێیە. چاخگەلێ کە داتا سەرەکییەکانی هاتنەدەرەوەی مرۆڤ لە ئەشکەوتەکان و دەسپێکی یەکجێنشینی و وەرزێرییە. لە ڕاستیدا بە پێی بەڵگە کەوناراناسییەکان زۆربەی وەرچەرخانە سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤ وەك یەکجێنشینی و پەرەسەندنی کشتوکاڵ و خۆ ما ڵیکر د نی ئاژەڵان لە هەڵکەوتەی کوردستاندا ڕوویان داوە و ئەم تەپۆڵکە بە ڕواڵەت بێبایەخانە بەڵگە و هەڵگرانی ئەم گۆڕانکارییەن. بەڵام بە داخەوە مرۆڤی ئەمڕۆیی لە داوی پووڵ و کەرەستە ماددییەکان گیری خواردەوە و بۆ کۆکردنەوەی کەمێ سروەت و سامانی زۆرتر ئەم بەڵگە سەبوورانە و لەوەش خراپتر بە چاوێکی سووکەوە سەیریان دەکەن، چون نە کۆشکن و نە قەڵا و نە کاروانسەرا و... بۆ وێنە لە توێژینەوەکانی ٣٥ساڵ لەمەوپێشی زەریاچەی ورمێ ٥٢ دەڤەر لە چاخی نوێبەردین دۆزرابوونەوە و تۆمار کرابوون کە لە پێداچوونەوەی ٤ ساڵ لەمەوپێش تەنیا ٣ دانەیان مابوونەوە کە ڕەنگە ئێستاش ئەو ٣ دانە تووشی هەمان چارەنووسی ئەوانی دیکە هاتبێتن. لەم نێوانەدا دەوڵەتەکان زۆر تەقسیربار نین، چونکوو ئەوە ئێمەی خەڵکین کە ڕابردوو و داهاتووی خۆمان لە ڕەگ دەردێنین و بە کەمترین کەسەریشەوە بۆ بژێوی ژیانی ڕۆژانەمان سەرفی دەکەین. هەڵبەت دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێت کە دەوڵەتەکان بە هەڵگیرسانی شەڕە



ماڵوێرانکەرەکان، پەرەسەندنی پیشەسازی و ژێرخانەکان بە بێ هاوکاری کەوناراناسەکان و نەبوونی زانیاریی گەیاندنی درووست لە ڕەوتی ئەم تێداچوونانەدا کاریگەرن. تەنیا دەتوانرێ ئۆمێدی ئەوە بکرێ کە بە چوونە سەرەوەی ئاستی ئاگایی و فەرهەنگ، ئێمەی خەڵك تێبگەین کە ئەم ئاسەوارانە نەك میراتی باپیران بەڵکوو ئەمانەتی نەوەکانی داهاتووە کە لە دەستی ئێمەدایە، ئەم ئاسەوارانە نە هی منە و نە هی ئێمەیە بەڵکوو هی تەواوی مرۆڤایەتی بە دوور لە شوێن و کاتە و ئێمە بە ڕاگرتن و پاراستنی ئەو ئاسەوارانە دەبێ شعووری فەرهەنگی باڵای خۆمان بسەلمێنین.

# ئایا دووبەرەکی سازکردن لە نێو خەڵکانی ئێراندا، پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتی لێدەکەوێتەوە؟

■ ¬گوڵاڵە کەمانگەر

ماوەیەک لەمەوپێش بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا ڕایگەیاند کە لە ئەگەری ڕاپەڕین و شۆڕشی خەڵک لە شارەکانی کوردستاندا، نە تەنیا دەبێ ئەو کردەوەیە پشتیوانی لێ بکرێ بەڵکوو دیاریکردنی ناوچەی دژەفڕین بۆ کوردستان پێویستە بۆ پێشگرتن لە هەر چەشنە هێرشێکی تۆڵەسەندنەوانە لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە.

بەو واتایە کە دەبێ پێش بە دووپاتبوونەوەی کارەساتی مرۆیی وەك کیمیابارانی سەردەشت بگیردرێ و خەڵکی بێچەك نەبنە ئامانجی هێرشی ئاسمانی ئەرتەش و سوپای کۆماری ئیسلامیی ئێران.

بەڵام ئەم وتەگەلە بوو بە ئامرازی هێرشی سەر لە نوێی شۆڤینیستەکان و ئەو ڕێکخراوگەلەی کە بەستراوی ئەو بیرۆکەیەن. هەر لەم پێوەندییەدا جیبهەی میللی ئێران لە بەیاننامەیەکدا وتەکانی بەڕێز هیجری بە توندی «مەحکووم» کرد و دیاریکردنی ناوچەی دژەفڕینی بە مانای «ڕاوەستان بەرانبەر بە جەماوەری خەڵکی ئێران» ناو برد و بەو شێوەیە پشتیوانیی ڕاستەوخۆی لە هێرشی ئاسمانی چاوەڕوانکراو بۆ سەر کوردستان دەربڕی.

ئەم بەیاننامە بۆ خەڵکی کوردستان تەنیا وەبیرهێنەری فەرمانی جیهاد بە دژی کوردستان لە ساڵە سەرەتاییەکانی حکوومەتی ئیسلامی و تاکە پەیامێك کە بۆ خەڵکی کوردستان هەیەتی ئەوەیە کە «جەماوەری ئێران» نە تەنیا پشتیوانی لە ئەوان ناکەن بەڵکوو شانبەشانی فڕۆکە شەڕکەرەکان هەروەك ساڵەکانی ٥٩ و دوای ئەوە بە مەبەستی کوشتوبڕێکی بەربڵاو ڕوو لە کوردستان دەکەن! ئایا ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی نازانێت کە بە کارهێنانی ئەدەبیاتی لەم چەشنە تەنیا مەودای نێوان کورد و فارس قووڵتر دەکات؟

ئایا پێیان وایە کە بەم شێوەیە دەتوانن یەکگرتوویی و هاوکاری لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆندا پێك بێنن؟ ئایا لە ئاکامی ئەم هەڵوێست و هەڵسوکەوتگەلە بێئاگان یان ئاگایانە دەیکەن؟

نووسەری ئەم بابەتە لەو باوەڕەدایە کە نووسەرانی ئەم بەیاننامە و هاوبیرەکانیان باش دەزانن کە هەڵوێستی لەم چەشنە نەتەنیا دیواری بێمتمانەیی لە نێوان کورد و ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا بەرزتر دەکاتەوە بەڵکوو ئەوەش باش دەزانن کە وتە و هەڵوێستی وەها پێوەندییەکانی نێوان کوردستان و ئێران هەرچی سستتر دەکات و ئەمە بەرنامەیەکە کە بە شێوەی ئامانجدار لە لایەن دوو ڕەوتەوە پەیڕەو دەکرێ.

یەکەم، ڕەوتێك کە بە پاشماوەی هەراوهوریای چاکسازیخوازی (اصلاح طلبی) لە ئێراندا دێتە ئەژمار و بە ناو ئۆپۆزیسیۆن خۆی خزاندوەتەوە نێو هێزی خوازیاری ڕووخان و گرینگترین ئامانجێك کە هەیەتی پاراستنی کۆماری ئیسلامییە و لە هەر ڕێگایەکەوە ئەو کارە دەکات و یەکێك لەو ڕێگایانە پێشگرتن لە یەکگرتوویی و کۆدەنگی لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنە. لەوانەیە هێندێ کەس پێیان وابێ کە ئەم بۆچوونە پاڵی داوەتەوە بە تیۆری پیلانەوە و هەر بەو هۆیەش ڕەتی بکەنەوە بەڵام ئەگەر چاوخشاندنێك بکەین بە سەر ماجەرای کەسانێك وەك سەردار مەدحی لەو داوگەلە کە کۆماری ئیسلامی لەسەر ڕێگەی ئۆپۆزیسیۆنی فارس دایدەنێ تێدەگەین و دیارە کەسانێکیش زۆر ئاسان لەو داوگەلە دەکەون.

ئەم ڕەوتە لە تیۆری داڕشتنەکانی خۆیدا هەر ئامرازێك یان هەر ڕێگایەك کە لە ئاکامدا ببێتە هۆی کزبوون یان خود ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بە هیچ شێوەیەك قەبووڵ ناکات و بە هەموو هێزی خۆیەوە بەرانبەری ڕادەوەستێت.

ڕەوتی دووهەم، ڕەوتێکە کە پێکهاتنی ئێرانی فێدراڵ وەکوو هەڕەشەیەك بۆ یەکپارچەیی خاکی ئێران دەزانن و هەر بۆیە لە ڕێگای پەرەدان بە دژوازییەکانی دەیانهەوێ ئەو بیرە لە نێوان خەڵکی ئێران لە کورد و فارسدا لاواز بکەن.

لێرەدا وێڕای چاوخشاندنێك بە سەر ئەم دوو ڕەوتە و ڕوونکردنەوە و خستنە بەرچاوی ئەو بنەما چەواشەکراوانەی کە لە بەڵگەهێنانەوەکانی ئەواندا هاتووە، هێندێك لەو گومانانە وەڵام دەدەمەوە.

سەرەتا دەپەرژێمە سەر ئیستدلالەکانی گرووپی دووهەم واتە ناوەندگراکان، ڕەوتەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕووخانی سەددام و پێکهاتنی حکوومەتی فێدراڵی عێراق، ئەزموونی سەرکەوتووی هەرێمی کوردستان وەکوو حکوومەتێکی ناوچەیی لە چوارچێوەی وڵاتێکی فێدراڵدا کە توانیویەتی وێڕای کێشە خولقاندنەکانی وڵاتانی دەراوسێی کوردستان، ببێت بە هێمنترین و بێکێشەترین شوێنی ئەم وڵاتە و، دێموکراسی و مافە تاکەکەسییەکانی هاوڵاتییان تا ڕادەیەکی باش دابین بکات، ئەگەرچی خاڵی دڵخوشکەری خوازیارانی فێدراڵیزمە بەڵام لە هەمان کاتدا بووەتە مۆتەکەی گەورەی ناوەندگەراکان و ئۆپۆزیسیۆنی ناسیونالیست و بەگشتی شۆڤینیزمەکان.

بوونی دەوڵەتێکی ناوچەیی کە کوردەکانی وڵاتانی دیکە لە خۆدا کۆ دەکاتەوە و جاروبار کۆنفرانس و سمیناری جۆراوجۆر سەبارەت بە زمان و فەرهەنگی کوردی پێك دێنێ کە ئەوانیشی تێدا بەشدار دەکات و بەگشتی سیمایەکی تازە لە کورد بە دنیای نێونەتەوەیی دەناسێنێ، بۆ بەشێك لە کۆمەڵگای ناسیونالیستی بەرچاوتەنگی ئێرانی کە حاشا لە بوونی هەر شوناسێکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی ئێراندا دەکەن، نەخوازراو و ترسناکە.

ئەوان بە دروستی ئاگاداری ئەو مەسەلەیەن کە سنووری سیاسییەکان نارەسەن و ساختەن، ئەوانە کاتێك کە کوردەکانی ئێران وەکوو کەمینەی قەومی دەناسێنن لە چۆنیەتیی پێناسەکردنی کوردەکانی عێراق دادەمێنن و نازانن بۆ جیاوازنواندنی ئەم دوو گرووپە (واتە کوردی ئێران و کوردی عێراق) لە چ پێناسەیەك کەڵك وەرگرن. شۆڤینیستەکان باش دەزانن کە ئەو سنوورە سیاسییە بێبنەماگەلەی کە لەگەڵ دێموگرافی ناوچەکەدا نایەتەوە،لە خۆیدا ڕەوایی و ڕەسەنایەتی نییە و هەمیشە ئەگەری هەڵوەشاندنەوەیان لە گۆڕێدایە. هەر بۆیە بەردەوام و بە نیگەرانییەکی تایبەتەوە هەموو جموجۆڵەکانی و هەڵسوکەوتەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیان خستۆتە ژێر چاوەدێری و چاوەڕوانی شکستی فێدراڵیزم لە عێراقدان تا لەو ڕێگایەوە پرۆژەی ئێرانی فێدراڵ وەکوو پرۆژەیەکی ناسەرکەوتوو بنوێنن و دۆسیەکەی بۆ هەمیشە کۆتایی پێ بێنن و ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنی فارس کە هاودەنگ و هاوپەیمانی فێدراڵیستەکانن لەو شتە پەشیمان بکەنەوە.

ئەم گرووپە لە ڕێگای هەڵخراندنی هەستەکانی هەر دوو لایەن (نەتەوەکانی ئێران و فارسەکان) و گرتنە پێشی هەڵوێستی دوگم و دەمارگرژانە و بە دوور لە هزرمەندی سەبارەت بە ئێران و خوێندنەوەی سەر لە نوێی ئۆستوورە ئێرانی و پارسییەکان و پیرۆزایەتی بەخشین بەوانە تێدەکۆشن تا وشەی «ئێران» بکەن بە تابۆیەك لە مێشکی خەڵکی ئێراندا و بەو شێوەیە ئەوان بۆ توندوتیژی بە دژی هەر غەیری پارسێك هەڵخرێنن. لە لایەکی دیکەوە ئەو شێوە هەڵسوکەوتە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی بێزاریی زیاتری نەتەوەکانی ئێران بە نیسبەت قەومی پارس و هەموو هێماکان و ئۆستوورە خولقاندنەکانی ئەوان و لە ئاکامدا کۆی ئەمانە مەوداکان و جیاوازییەکان قووڵتر دەکات.

ئەم جیاوازیگەلە ئەوەندەی کە زیاتر بێت ئیمکانی پێکەوەژیان و تێگەیشتنی دوو لایەنە کە بۆ سەقامگیربوونی سیستەمێکی فێدراڵ پێویستە، کەمتر دەبێتەوە. بە واتایەکی دیکە ئۆپۆزیسیۆنی بەرچاوتەنگی ئێرانی ڕێگای پێشگرتن بە پێکهاتنی حکوومەتی فێدراڵ (کە بە خەیاڵی ئەوان دەسپێکی پارچەپارچەبوونی ئێرانە) بە ئەوە دەزانن کە جیاوازییەکان و ناتەباییەکان زیاتر و پێداگری لەسەر سەرکوت بکەن.

ئەم ڕەوتە لە لایەن گرووپی یەکەم (واتە سپاهییەکانی پێرێ و ئیسلاحخوازەکانی دوێنێ وئۆپۆزیسیۆنی خوازیاری ڕووخانی ئەمرۆ!) لە باری تیۆریکەوە بەهێز دەکرێتەوە و ئەگەرچی ئامانجەکانیان و دوامەنزڵی ئەم دوولایەنە جیاوازە بەڵام هەر دوو لایەن سەبارەت بە پێویستی حاشاکردن لە نەتەوەکانی ئێران و سەرکوتی ئەوان هاودەنگن.




نوێنەری بەرچاوی ڕەوتی یەکەم ئەکبەری گەنجییە کە لە وتارە جۆراوجۆرەکانی خۆیدا بەردەوام ئەوە لە مێشکی خوێنەری خۆیدا جێگیر دەکات کە چالاکی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی غەیری فارس هەموو بە مەبەستی پارچەپارچە کردنی ئێران دەچێتە پێشەوە. ئەو ئەگەرچی وتارەکانی خۆی بە ڕواڵەتێکی لۆژیکی دەڕازێنێتەوە بەڵام لە ڕێگای ناڕوون هێشتنەوەی زۆربەی ئەو بابەتانەی کە باسی دەکات و بە کەڵکوەرگرتن لە زمانێك کە لە نێوان لۆژیك و گاڵتەدا لە هاتووچۆدایە دەستەوداوێنی چەواشەکاریگەلی ڕوون و بەرچاو دەبێت.

بۆ نموونە لە وتاری «ئاکامەکانی جیاییخوازی لە ئێراندا» سەرەتا چەند پرسیار دەخاتە بەر دەست وەك: «ئایا سنوورەکانی دەوڵەت ـ نەتەوە بایەخیان هەیە یان ئەم سنوورگەلە و شووناسەکانی نێو ئەمانە ساختە و لەخۆدا بێ بەهان؟»

گەنجی بەهێنانە بەرباسی دوو پرسیاری دیکە لە کاتی وەڵامدانەوە و شرۆڤەی باسەکەیدا پرسیاری یەکەم لە بیر دەکات چوونکوو باش دەزانێت کە وەڵامدانەوە بەم پرسیارە پێویستی بە شرۆڤەی مێژووی دەوڵەت ـ نەتەوە هەیە و لە ئاکامدا بە درۆیی بوون و ساختەبوونی ئەم چەمکە دەگات.

یان لە شوێنێکی دیکەدا بە کەڵکوەرگرتن لە چەند نموونەی ڕوومـاڵ و نالۆژیکی دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە هاوواتای هێرشی سەربازی لەقەڵەم دەدات و هەموو باسەکان تەرخان دەکات بە ڕەتکردنەوە و مەحکوومکردنی هەر چەشنە دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە.

لە شوێنێکی دیکەدا بۆ پێناسەی ئۆپۆزیسیۆن دەڵێ: «گرووپێکە کە دەیهەوێ ببێتە جێگری دەسەڵاتداران» گەنجی بێ ئەوەی ناوێك لەو تیۆریسیەنانە ببات کە وەها پێناسەیەك دەخەنە بەردەست، پێناسەی بێ بنەمای خۆی بە سەر خوێنەردا دەسەپێنێ و ناچاری دەکات قەبووڵی بکات.

لە حاڵێکدا کە ئەم پێناسەیە تەنیا ئۆپۆزیسیۆنی نێو دەسەلات لە خۆ دەگرێت، خودی گەنجی و ئەو باڵەی حکوومەت کە لە گەڵیانە کاتی خۆی وەها ئامانجێکیان پەیڕەو دەکرد واتە دەستگرتن بەسەر کورسیی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا لەم پێناسەیەدا کورسی کە (زەرف)ی حکوومەتە قبووڵ کراوە و کێشە تەنیا لەسەر ئەو کەسەیە کە لەسەری دادەنیشێ. لە حاڵێکدا کە ئۆپۆزیسیۆن خوازیاری ڕووخانی سیستەم ناتوانێ ببێتە جێگری دەسەڵاتدارانی زاڵ و لەسەر کورسیەکەی ئەو دابنیشێت.

ئەم ئۆپۆزیسیۆنە خوازیاری گۆڕانی بنەمایی و لەنێوچوونی خودی کورسیەکەی وەلی فەقیە و چارەسەری کێشەکە لە جێگۆڕکێدا نابینێت.

گەنجی بەم پێناسە ناتەواوەی کە بۆچوونی هیچ بیرمەندێك و تیۆریسیەنێکی سیاسی لە پشتدانیە وێڕای خەوشدارکردنی سیمای ئۆپۆزیسیۆن، ئەوان بە هەموو جۆر خیانەتێك تاوانبار دەکات و لەم نێوانەدا ئۆپۆزیسیۆنی خاوەن ڕێکخستن و مێژوو زیاتر لە هەر ئۆپۆزیسیۆنێك لەبەر هێرشی ئەودایە.

گەنجی بە هێنانە ئارای دەستەواژەی ساختەی لیبیائیزەکردنی ئێران، ئۆپۆزیسیۆن بە بەرپرسیاری ڕوودانی هەر جۆرە شەڕێك بە دژی ئێران لە داهاتوودا دەزانێ و ڕوونکردنەوە دەدات کە مەبەستی ئەو بەتایبەت ئەم گرووپ گەلەن:

١ـ خاوەن هێزی ڕێکخراو و دیاریکراو بن

٢ـ چەکدار بن و ئامادە بن لە کردەوەی سەربازیدا چالاکی بنوێنن

٣ـ ئامادە بن تێچووەکان وە ئەستۆ بگرن و بیدەن

بە واتایەکی دیکە ئەو هەر چەشنە چالاکی ڕێکخراوەیی بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بە مانای لیبیائیزەکردنی ئێران دەزانێت و مەحکوومی دەکات و بۆ خوێنەر ئەوە ڕوون ناکاتەوە کە ئۆپۆزیسیۆنێك کە نە ڕێکخستنی بێت و نە ئامادەی فیداکاری و وەئەستۆگرتنی تێچووەکان بێت ئایا دەتوانێ ناوی ئۆپۆزیسیۆن لەخۆی بنێت.

گەنجی لە وتارەکانی خۆیدا بەردەوام سنوورەکانی نێوان وڵات و حکوومەت تێدەپەڕێنێت و ئەم دوو وشە وەکوو هاوواتا بەکار دەهێنێ، بۆ نموونە لە پێناو بە خائین ناوبردنی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقدا دەڵێ: ئەم ڕێکخراوە کە زانیارییە سەربازییەکانی دەوڵەت (واتە زانیاری سەبارەت بە چالاکییەکانی ئێران بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی) دەخاتە بەر دەستی هێرشبەران و بەو شێوەیە لەگەڵ هێرشی سەربازی وڵاتدا واردی شەر دەبێت بەڵام لەو باسە خۆ دەبوێرێ کە ئەو هێزەی کە وەکوو هێزی سەربازی ئێران ناویان دەبات هەمان سوپای پاسدارانە کە ئەو خۆیشی بە هۆی بێزاری و ڕقی خەڵك ناوێرێ ناویان ببات و بە کەڵکوەرگرتن لە دەستەواژەی «سەربازەکانی ئێران» پیرۆزایەتی بەهێزی سوپای پاسداران لە بەرانبەر موجاهدیندا دەبەخشێ و ئەوە لە بیر دەکات کە ئەگەر سوپای پاسداران هاوواتای سەربازەکانی ئێران بێت بەهەمان شێوە هێزی ئینتزامی کۆماری ئیسلامیش هێزی ئینتزامی ئێرانە و کەوابوو مافی خۆیەتی کە خەڵکی ئێران ئازار بدات و نابێ بەرانبەری ڕابوەستن!

ئەو کاتێك کە دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە (هاوچەشنی ئەوەی کە کاك مستەفا باسی کردووە) هاوواتای هێرشی سەربازی لەقەڵەم دەدات بەو ئاکامە دەگات کە ئەم کارە بێ شك دەبێە هۆی پارچە پارچەبوونی ئێران و وێڕای خولقاندنی کەشوهەوایەکی ئاخرزەمان خەریکی شیکردنەوەی ئاکامە خوێنبارەکانی ئەو ڕووداوە دەبێت و ئێرانی پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی وێرانەیەك ناو دەبات کە هەموو ژێرخانە ئابوورییەکان ڕووخاوە و بە میلیۆن مرۆڤ کوژراوە و میلیۆنها ئاوارە و برسی و ماڵ وێران و سەرگەردان لەنێو ئەو وێرانەیەدا دەخولێنەوە!

ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بۆ گەنجی هەم کۆتایی دنیایە و هەم کۆتایی کاری ئێران، بەڵام بیرەوەری خەڵکی هەموو دونیا و بەتایبەت ئێران پڕ لە یادی شەڕ و خوێنڕشتن و لەگەڵ ئەوەش زەوی هێشتا لەسەر ڕەوتی هەمیشەی دەخولێتەوە و خەڵکی ئێران درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن.

مەبەستی ئەم وتارە پاساوهێنانەوە بۆ شەڕ نیە بەڵام مێژوو نیشان دەدات کە مرۆڤ ناتوانێ بە تەواوی خۆی لەم دیاردەیە بپارێزی و خەڵکی ئێرانیش بە هەمان شێوە قەتیسبون، توندوتیژی لەرادەبەدەر، لەنێوبردنی بنەمای ئابووری و زانستی و پیشەیی، بێ بەهابوونی بایەخە مۆرالییەکان، گەندەڵی لە ئاستی سەرەوەی بەڕێوەبەری وڵات و هتد هەموو فاکتەرگەلێکن کە بە ناچار دەبنە هۆی ئەوەی کە کوندەبووی نەهامەتی ڕوو لە ئاسمانی وڵاتێك بکات و ئاکامی ئەوەش بێ شك لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامییە نەك ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و دیارە نەتەوەکانی ئێران لە وەها هەلومەرجێکدا پارێزگاری و بەرگری لە خۆیان و لە بەرژەوەندییەکانیان هەم بە پێی هزر و هەم بە پێی ئەخلاق بە تەواوی بە مافی خۆیان دەزانن.

لە نێوان دووبەرەکی سازکردن و بێزاری فرۆشتنی شوڤێزمی دواکەوتوو و لق و پۆپەکانی کە تووی دووبەرەکی و شەڕ و ئاژاوە لە دڵی خەڵکی ئێران دەچنن و ئەوان وەکوو دوژمن لە بەرانبەری یەکدا دادەنێن

ئەوەی کە گرینگی زۆری هەیە ئاگاهی و وشیاری خەڵکی ئێرانە بە نیسبەت چەمکگەلێك وەك دێموکراسی و بەرابەری و بە فەرمی ناسینی مافی یەکدی. ئەوەی کە گرینگە ئێرادەی پتەو و پۆڵایینی خەڵکی ئێران بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و سەقامگیرکردنی سیستمێکی دێموکراتیك و فیدراڵە کە لە چوارچێوەی ئەودا دێموکراسی و بەرابەریی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەبێت و خەڵکی ئێران دەتوانن دنیای نەریتی بنیاتنراو لەسەر دەمارگرژی و خۆبەزلزانی و شوڤینیزم بەجێ بهێڵن و بەرەو داهاتوویەکی ڕوون و مۆدێڕن هەنگاو هەڵبگرن.

# بزووتنەوەی فێمینیستی، بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازییە، نەک دژی پیاوان!

■ توووبا ئەلیاسی

زۆرجار لێرەولەوێ گوێمان لێدەبێ کە ژنانی یەکسانیخواز، یان هەموو فێمینیستەکان دژی پیاوانن. ئەمە لە کاتێکدایە کە بزووتنەوەی ژنان بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازییە، کە خوازیاری نەهێشتنی توندوتیژی لەسەر ژنان و دابینکردنی کۆمەڵگایەکە کە لەوێدا ژن و پیاو بە ماف و دەرەتانی بەرابەرەوە تێیدا بەشدار بن.

خوازیارانی کۆمەڵگایەکی یەکسانی بۆ ژن و پیاو هەندێك جار پێویستە کە داخوازییەکانی خۆیان زۆر روون و نەترسانە بخەنە بەرگوێی کۆمەڵگا، چوون بۆ کۆمەڵێك کەس جێگای پرسیارە کە ئەو یەکسانییانەی کە ژنان خوازیارین لە کۆمەڵگادا کامانەن؟ هەر بۆیە من تا ئەو جێگایەی کە لە یەکسانی نێوان ژن و پیاو تێگەیشتبم، هەوڵ ئەدەم لە روانگەی خۆمەوە تیشکێك بخەمە سەر ئەو بابەتە.

کاتێك باس لە کۆمەڵگایەکی یەکسان دەکەین، واتای ئەوەیە کە نایەکسانییەك لە گۆڕێدایە کە ئێمە ناچار دەکات خوازیاریی یەکسانی بین. ئەو نایەکسانییانەش ئەو مێژووە دووروودرێژە و پڕ لە توندوتیژییەیە کە ژنان لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا بە دەستییەوە ناڵاندوویانە، کە ئێستاشی لەگەڵ بێت بەردەوامە. یەکسانی بریتییە لە هەبوونی مافی وەك یەك یان هەبوونی بوار و دەرەتانی وەك یەك. جا ئەم مافەش بریتییە لە:

**یەکسانی لە خوێندن:** کاتێك ئێمە باس لە یەکسانی لە خوێندن دەکەین، مەبەست ئەوەیە کە هەموو بنەماڵەیەك بە پێی ئاستی ئابووری و تواناکانی خۆیان ئەو مەیدانەی کە بە کوڕەکەیان دەیدەن، هەمان دەرەتانیش بەبێ جیاوازیدانان لە نێوان کچ و کوڕەکەیاندا بە کچەکەیان بدەن بۆ درێژەدانی خوێندن. هەموومان ئاگادارین کە کۆمەڵێك بنەماڵە ئەو دەرەتانەی کە بە کوڕەکەیان داوە، بە کچەکەیان نەداوە و زۆر جاریش بە قەرز و قۆڵەش بووە کوڕەکەیان ناردووە بۆ شوێنە دووردەستەکان و لە هەمان کاتدا ئەو کارەیان بۆ کچەکەیان نەکردووە، ئەمە لە کاتێکدایە کە هەندێك جار تواناکانی کچەکەیان زۆر باشتریش بووە لە کوڕەکەیان. دیارە لە بیرمان نەچێت کە ئەم خاڵە تەنیا باس لە دەرەتانی وەك یەك لە لایەن بنەماڵەدا ناکات، بەڵکوو داوای ئەوە دەکات کە لە لایەن دامودەزگاکانی پەروەردە و فێرکردنەوەش ئەو دەرەتانە یەکسانە لە پێش چاو بگیرێ بۆ کچ و کوڕ و هەروەها ئەوان ئازاد و یەکسان بن لە هەڵبژاردنی دەرسەکانیان و ڕشتەی خوێندندا.

**یەکسانی لە هەڵبژاردن:** ئەم خاڵەش باس لە ئازادی و یەکسانی لە هەڵبژاردن دەکات. لێرەدا پێویستە ئەوەمان لە بیر نەچێت کە ژن خوازیاری ئەوەیە کە خۆی بڕیار بدات بە سەر ژیان و جەستەی خۆیدا، واتە ئازاد بە دوونیاهێنانی منداڵ، هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان، ئازاد لە هەڵبژاردنی جلوبەرگ، خاوەنی بیروبۆچوونی ئازاد لەسەر هەڵبژاردنی جێگەی ژیان، یەکسان لە خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردنی کەسانی دیکە بۆ بەڕیوەبەرایەتیی وڵات. وەك ئاگادارین بە درێژایی مێژوو و ئێستاشی لەگەڵ بێت لە زۆر جێگا، ژن ئازاد نەبووە لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانی داهاتووی خۆیدا، ئەوە باوك و برا و تەنانەت خزمان بوون کە هاوسەری ژیانیان بۆ ئەوان دیاری کردووە. هەروەها ژن نەیتوانیوە لەسەر ویستی خۆی لە هاوسەرەکەی جیا بێتەوە و ئەوە پیاو واتە هاوسەرەکەی بووە کە دوابڕیاری داوە و هەتا ئەو کاتەی کە پیاو ڕازی نەبوویێت، یاسا ئەو داوایەی لە ژن وەرنەگرتووە. هەر بۆیە ئەم خواستە پرسێکی گرنگ بووە و گرنگە لە بزووتنەوەی ژناندا.

هەروەها کاتێك باس لە جلوبەرگ دەکەین، دەبینین ئێستا لە زۆر وڵاتی عەرەبی و ئێراندا ئەوە پیاوە دەستەڵادارەکانی وڵاتە کە دیاری دەکەن ژن چ شێوە جلوبەرگێك لەبەر بکات و ئەو ژنانەش کە ملپێچی لە بڕیارەکانیان بکەن بە توندی سزا دەدرێن. هەر لە بەر ئەمەشە کە خوازیارانی مافی یەکسانیی ژن و پیاو زۆر جەخت لەسەر ئەم خالە دەکەنەوە. ئەوەش دەزانین کە دەنگی ژنان لە بنەماڵەدا بە هێند وەرنەگیراوە و ئەوان هەمیشە گوێڕایەڵ و شوێنکەوتەی پیاوەکانی ماڵ بوون لە کاتی هەڵبژاردنی جێگای ژیاندا و لەو پێناوەشدا زۆر کوێرەوەریبان کێشاوە، هەر بۆیە زۆر گرینگە کە ژنانیش بۆ خۆیان لە بڕیارەکاندا بەشدار بن.

خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردنی کەسانی تر یەکێك لە خاڵە زۆر گرینگ و سەرەتاییەکانی خەباتی یەکسانیخوازییە. لێرەدایە کە بڕیارە گرینگەکانی ژیانی کۆمەڵگا و تاکەکانی کۆمەڵ هەم بڕیاری بۆ دەدرێت و هەمیش تاوتوێ دەکرێت. هەر بۆیەش ئەوانەی کە نوێنەری تایبەتی خۆیانیان لە جێگا بڕیاردەرەکاندا نەبێت ناشتوانن کاریگەرییان لە سەر بڕیارە گرینگەکانی تایبەت بە ژیانی خۆیان هەبێت. گرینگیی چالاکبوونی ژنان لەم بەشەی ژیاندا پێویستییەکی حاشالێنەکراوە، چوون لێرەدایە کە ژنان کاریگەرییان دەبێت لەسەر یاسای وڵات و دەتوانن یاسای تایبەت بە خۆیان بگونجێنن کە بتوانێت داکۆکیکاری مافەکانی ئەوان بێت. پرسی یەکسانی دەبێت بکرێت بە پرسێکی یاسایی کە یاسا بەرپرسیار بێت لە داکۆکی لێکردنی و هەروەها گونجاندنی لە کۆمەڵگادا و ئەوانەش کە سەرپێچی لە بەڕیوەبردنی بکەن یاسا بەرپرسیار بێت لە سزادانیان. کەواتە مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتن بابەتێکی یەجگار جێگای سەرنج بووە لە بزووتنەوەی ژناندا هەر لە سەرەتاکانی سەدەی ١٩ و ئێستاش ئەو پرسە لە هەندێك جێگادا هێشتا مەسەلەیە و پێویستە کاری بۆ بکرێت.

**یەکسانیی ئابوری:** ئەم بەشەش یەجگار بابەتێکی گرینگە بۆ ئەوەی یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا لە کۆمەڵگادا بەرەوپێش ببات. سەربەخۆیی ئابووری دەتوانێت یەکێك لە باشترین هۆکارەکان بێت کە بتوانێت مسۆگەری یەکسانی بکات لە کۆمەڵگادا، چوون ئەگەر ژن لە باری ئابورییەوە سەربەخۆ بێت ناچار نابێت توندوتیژی مێرد، باوك و برا قەبووڵ بکات. کۆمەڵێك لە ژنان لەبەر ئەوەی کە پیاوەکان خواردن و جلوبەرگیان بۆ دابین بکەن، ناچارن چاوپۆشی لە توندوتیژییەکانیان بکەن. بۆ نموونە، ژنێك کە هاوسەرەکەی ژنی دووەمی بە سەر دێنێت یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕازیبوونی یان مانەوەی لەگەڵ مێردەکەیدا هەر نەبوونی سەربەخۆیی ئابورییە. هەر بۆیە زۆر گرینگە کە سیستمی هەر وڵاتێك کاری زۆر بکات بۆ دروستکردن و دابینکردنی جێگای کار بۆ ژنان. لە هەمان کاتدا، زۆریش گرینگە کە ژنان و پیاوان بۆ کاری وەك یەك مووچەی وەك یەك وەرگرن و بەشێکی دانبراوە لە خواستی سەربەخۆیی ئابووری بۆ ژنان.

**مافی وەرگرتنی میرات:** هەبوونی مافی وەك یەك لە دابەشکردنی موڵك و میراتیش یەکێکی دیکەیە لە خواستەکانی ژنانی خوازیاریی یەکسانیی ژن و پیاو. وەك ئاگادارین، ژن لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا لەم مافە بێبەش بووە و چ وەك کچ لە بنەماڵەکەیدا لەگەڵ براکەیدا مافی یەکسانی نەبووە لە وەرگرتنی میراتدا و هەمیش لە کاتی جیابوونەوەی لەگەڵ مێردەکەیدا و ماڵ و دارایی هەموو بۆ مێردەکەی بەجێ ماوە و ئەمیش بەبێ وەرگرتنی هیچ داراییەك ماڵی مێردی بەجێ هێشتووە و تەنانەت دوای جیابوونەوەی لە دیتنی جگەرگۆشەکانیشی بێبەری بووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە لەو کۆمەڵگایانەدا ژن لە دەرەوەی ماڵ کاری نەکردووە، بەڵام لە بەڕێوەبردن و بەخێوکردنی منداڵەکانیدا ڕەنجی زۆری کێشاوە و تەواوی کاتی خۆی ڕۆژانە بۆ کاری ماڵەوە و بەخێوکردنی منداڵەکانی تەرخان کردووە و پیاوی ماڵەوە بە تەواوی شانی لە ژێر ئەم ئەرکە قورسەدا خاڵی کردووە. ئێستا لە وڵاتانی پێشکەوتووی دونیادا ژنان ئەو کارانەیان وەك کاری دەرامەتداری پیاوان بۆ لەبەرچاو دەگیرێ. یان ئەوەی کە هەلی کار رەخساوە بۆ ژنان و هەر هەمان ئەو کارانەی کە ژنانی ئێمە ڕۆژانە پێیەوە هیلاك دەبن و وەك بێکاریش چاویان لێ دەکرێ، بۆ ژنان و کۆمەڵگا کراوە بە کاری ڕەسمی و دەرامەتدار، لە فۆرمی باخچەی منداڵان، خانەی پیران و بازاڕی ڕستورانەکانی قەرەباڵغ و پڕدەرامەت کردووە. لە کاتێکدا ژنان لە پێشوودا ئەم کارانەیان بێ هەبوونی هەقدەست رادەپەڕاند.

لێرەدا کورتی دەکەمەوە و دەڵێم ئەوەی کە من ئاماژەم پێدا بەشێکی کەم لە داخوازییەکانی ژنانی یەکسانیخوازن، کە ژنان کاریان بۆ دەکەن و هەوڵ دەدەن بۆ بەدەستهێنانیان. هەروەها خەباتی ژنان خەباتە بۆ ئازادی و نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان و هەرگیز خەبات نیە بۆ کۆمەڵگایەکی ژن سالار یان دژی پیاوان، بەڵکوو پێموایە کە ئەو نایەکسانییانەی نێوان ژن و پیاو زیاتر ژن و پیاوی لە یەکتر دوور ڕاگرتووە و بووە بە هۆی دروستبوونی پەرژینی گەورە و قایم بە دەوریاندا کە نەیهێشتووە لە یەك نزیك ببنەوە و زیاتر تێگەیشتنیان لە یەکتر هەبێت و یەکسانی دەبێتە هۆی پچڕاندنی ئەو پەرژینە و بە قازانجی خودی پیاوانیشە.

■ پەیام

# پێشانگایەک بۆ کتێب یا بۆ هزری پاوانخوازان

لە هەموو وڵاتانی جیهان بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی هەمەڕەنگی کولتووری وەکوو ڕێگایەك دێتە ئەژمار بۆ نیشاندانی رادەی گرینگیدان و سەرنجدانی بەرپرسانی ئەو وڵاتانە بەنیسبەت کولتوور و بوارەکانی پێوەندیدار بەم بەشەی ژیانی مرۆڤایەتی. بەڵام لە سیستمە پاوانخواز و ئیدئۆلۆگەکان تەنانەت بواری کولتوور و هونەریش دەکەوێتە ژێر هزری زاڵ بەسەر ئەم وڵاتە و لە ڕێچکە و ئامانجی بنەڕەتیی خۆی لا دەدات. لە وڵاتی ئێرانیشدا لە رواڵەتدا کەم نین ئەو ڕێوڕەسمانەی کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کولتوور هەر ساڵە بەڕێوە دەچن، بەڵام بیری بەرتەسکی دەسەڵاتداران و بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێوڕەسمانە هەموو کات زاڵ بووە بەسەر بەرنامەکاندا و بە وردی سەیری هەموو لایەنەکانی ئەو ڕێوڕەسمانە دەکەن کە نەکا ئامانجگەلێکی دیکە جیا لەوەی کە خۆیان خوازیارین بپێکێت. بەڕێوەچوونی پێشانگای ساڵانەی پەرتووك و کتێبی تارانیش یەکێك لەم ڕێوڕەسمە کولتووریانەیە کە لە ساڵانی سەرەتایی کۆماری ئیسلامییەوە بە شێوەی ساڵانە بەڕێوە دەچێت، بەڵام بڕیار وایە هەر چەشنە چالاکی و هەوڵێك کە دەدرێت لە چوارچێوەی پڕوپاگەندا بۆ هزری دەسەڵاتدار لە ئێراندا بێت. ئەمساڵیش بیستوپێنجەمین خولی پێشانگای کتێبی تاران بەڕێوە چوو. ئەگەرچی ئەم پێشانگایە لە ژێر ناوی پێشانگای نێونەتەوەیی کتێبی تاران هەر ساڵە بەڕێوە دەچێت بەڵام بەداخەوە لەم بەستێنەشدا هەموو فیلتێرەکان خراونەتە گەڕ تا تەنیا ئەو ناوەندانەی چاپ و بڵاوکردنەوە کە بابی دڵی بەرپرسانی ڕێژیمن، بتوانن لە وڵاتانی تری دونیاشەوە بەشداریی ئەم پێشانگایە بن، ئەوە سەرەڕای هەموو ئەو زەخت و گوشارانەیە کە بۆ بەشی نێوخۆییش دێتەپێش. لە پێوەندی لەگەڵ بەڕێوەچوونی ئەم پێشانگایە پێویستە بە کورتی تیشك بخەینە سەر چەند خاڵ:



یەکەم، پێش بەڕێوەچوونی پێشانگا گشت دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب لە نێوخۆ و دەرەوە کە خوازیاریی بەشدارین، دەبێ بخرێنە ژێر فیلتێرەکانی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشاد و پاش دەرچوون لەم فیلتێرانە مافی بەشدارییان هەیە. بۆ وێنە ئەمساڵیش دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی « چشمە»، «امید فردا»، «آگاە»، «اختران» و ... کەوتنە بەر رق و قینی بەرپرسانی بەڕێوەبەریی ئەم پێشانگایە و نەیانتوانی تێیدا بەشداری بکەن تەنیا بە هۆی ئەوەی کە ئەو کتێبانەی کە ئەوان لە چاپیان داون بابی دڵی بەرپرسانی ڕێژیم نەبوون. دووهەم، زیاتر لە هەشتا لەسەدی ئەو کتێبانەی کە ئیزنی پیشاندانیان پێدراوە لەم پێشانگایەدا کتێبگەلی ئایینی بەتایبەت کتێبگەلی مەزهەبی شیعەیە، بە واتایەکی تر ڕێژیم ئەم پێشانگایەی بۆ زیاتر پەرەپێدانی بیری بەرتەسکی مەزهەبی خۆی داناوە نە بۆ پەرەپێدانی بواری کتێب و کتێب خوێندنەوە و یارمەتی بە گەشەی کولتووری کتێبخوێنی لە وڵات. سێهەم، بوونی گەشتی ئیرشاد بۆ کتێبەکان، وا دیارە ڕێژیمی چۆماخ بەدەستی کۆماری ئیسلامی دەبێ لە هەموو جێگایەك ناوەرۆکی سەرکوتکەری خۆی نیشانی جیهان بدات، لە ناو پێشانگای کتێبیش گەشتی بەناو ئیرشاد بەر دەبنە گیانی غورفە و دەزگاکانی چاپ و بە پشکنینی غورفەکان هەر چەشنە کتێبێك کە بە شێوەیەك بۆنی دژایەتی لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕێژیمی لێبێت یان لەگەڵ هزری کۆنەپەرەستانەیان ناتەبا بێت دەکەوێتە بەر هێرش و کۆ دەکرێتەوە،جا ئەم کتێبە چ لە بەشی نێوخۆییدا بێت یان لە بەشی چاپەمەنییەکانی بیانیدا، بۆ نموونە لە پێشانگای ئەمساڵیشدا چەندین کتێب لە بەشی بیانی بە بیانووی ئەوەی کە پروپاگەندە بۆ جیاییخوازی دەکەن و یا بە دیکتاتۆرانی لەناوچووی ناوچەیان هەڵگوتووە لە غورفەکان کۆ کرانەوە. چوارەم: لە لایەکەوە گرانیی لەرادەبەدەری کتێبەکان کە زۆر کەس ناتوانێ بیانکڕێ و لەلایەکی ترەوە گرانی کاغەز بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆر لە دەزگاکانی چاپ لەگەڵ کێشە بەرەوڕوو بن و توانایی درێژەدان بە کاریان نەبێت.

بەگشتی پێشانگای کتێبی تاران، زیاتر لەوەی کە هەوڵێك بۆ کارئاسانی بێت بۆ توێژی خوێندەوار و کتێبخوێنی وڵات ، سەکۆیە بۆ پروپاگەندەی ڕێژیم لە بواری هزری و ئایینییەوە و ئەوە جیا لەو تێچووە زەبەلاحەیە کە ساڵانە بۆ بەڕێوەچوونی ئەم ڕێوڕەسمانە لە قوڕووی خەڵکی دەکێشنەوە و لایەن ڕێژیمەوە خەرجی وەها ڕێورەسمگەلێك دەکرێت.

بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 581 ▪ 20 May 2012

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆری جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


# تیمی نەتەوەیی کوردستان سەرکەوتنی بەدەست هێنا



تیمی نەتەوەیی فووتباڵی کوردستان یەکەمین سەرکەوتنی خۆی تۆمار کرد. ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە، ٢٦ی بانەمەڕی ١٣٩١، لە یاریگای ماجید لە ناوچەی بیرە لە شاری ڕامەڵڵای فەلەستین، تیمی نەتەوەیی کوردستان لە یەکەم یاریی فەرمی و نێودەوڵەتیی خۆیدا، سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمار کرد و بە ئەنجامی ٣-١ گۆڵ لە تیمی نەتەوەیی مۆریتانی بردەوە. زۆربەی تیمەکانی پاڵەوانەتییەکە بە تیمی دووەم و ئۆلەمپیکی خۆیان بەشدارییان کردووە، بەڵام مۆریتانی بە تیمی یەکەمی خۆی لەگەڵ کوردستان یاری کرد.

لە سەرەتای یارییەکەدا، سروودی نیشتیمانیی مۆریتانی و دواتر سروودی نەتەوەیی کوردستان پێشکەش کران و ئاڵای کوردستان بەرز کرایەوە. ئامانج عومەر لە خولەکی ١٢، کارزان عەبدوڵڵا لە خولەکی ٤٤ و کۆسرەت بابیز لە خولەکی ٥٥دا گوڵەکانی کوردستانیان تۆمار کرد و ئیسماعیل عیسا لە خولەکی ٧٥دا تاقەگوڵی موریتانی تۆمار کرد.

بەشێکی زۆری جەماوەری ئامادەبوو خۆشحاڵیی خۆیان بە سەرکەوتنی کوردستان دەربڕی و پیرۆزباییان لە شاندی کوردستان کرد. دوای یارییەکەش یاریزان کۆسرەت بابیز خەڵاتی باشترین یاریزانی یارییەکەی وەرگرت.

تیمی نەتەوەیی کوردستان، ماوەیەك لەمەوپێش لە لایەن فیفا، ڕێکخراوی جیهانیی فووتباڵەوە بە فەرمی ناسرا و مافی بەشداری لە کێبڕکێ نێودەوڵەتییەکانی لە ئاستە جۆراوجۆرەکان پێ بەخشرا. بە فەرمی ناسینی تیمی نەتەوەیی کوردستان لە لایەن فیفا، خوشحاڵی و شادیی لایەنگرانی فووتباڵی لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەدواوە بوو. ئەم سەرکەوتنەی تیمی نەتەوەیی کوردستان، لە مێژووی وەرزشی کوردستاندا تۆمار دەکرێ.

# شاهین نەجەفی لە دادگایەکی ئاڵمان سکاڵای تۆمار کرد



شاهین نەجەفی، گۆڕانیبێژی شێوازی ڕەپ، پاش تێپەڕینی چەند ڕۆژ لە دەرکردنی فتوای هەڵگەڕانەوە لە دین بە دژی، بڕیاری دا کە لە دادگای ئاڵماندا، لە دژی ئایەتوڵڵا سافی گوڵپایێگانی، لە مەرجەعە تەقلیدەکانی قوم، بە هۆی دەرکردنی ئەم فەتوایە کە ڕشتنی خوێنی حەڵاڵ دەکات، سکاڵا تۆمار بکات.

حوکمی هەڵگەڕانەوە لە دین دژی شاهین نەجەفی پاش ئەوە دەرکرا کە ئەم گۆرانیبێژە بەناوبانگە ئێرانییە، ئاهەنگێکی کێشەخولقێنی لە ژێر ناوی «نەقی» بڵاو کردووەتەوە. ئایەتوڵڵا سافی و هاوبیروباوەڕەکانی بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە لەو گۆڕانییەدا، بە ئیمامی تەقی، ئیمامی دەهەمی شێعەکان سووکایەتی کراوە.

«ماڵپەڕی شیعەئانلاین» لە دیاریکردنی خەڵاتێکی ١٠٠ هەزار دۆلاری بۆ کوشتنی شاهین نەجەفی ڕاپۆرتی داوە. ماڵپەڕی «ئەلعەرەبییە» لە زاری ڕۆژنامەی «ئەلشەرقولئەوسەت»ەوە ڕاپۆرتی داوە کە، شەهریار ئاحادی، بەڕێوەبەریی بەرنامەکانی شاهین نەجەفی وتوویەتی کە بڕی ١٠٠ هەزار دۆلار دنەدەرە، هەر بۆیە داوا لە پۆلیسی ئاڵمان کراوە کە پاراستنی گیانی شاهین نەجەفی وەئەستۆ بگرێ.

ئەو لە درێژەدا وتوویەتی کە نەجەفی هەنووکە بە شێوەی نهێنی ژیان بەسەر دەبا و بڕیاری داوە بۆ خۆپاراستن لە تیرۆری، ماوەیەك لە شوێنە گشتییەکان دەرنەکەوێ.

شاهین نەجەفی، ٣١ ساڵە، لە گۆرانیبێژە ژێرزەوینییەکانی ئێران بوو کە پاش قەدەغە ڕاگەیێنرانی دەنگی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، بەرەو ئاڵمان کۆچی کرد و لەوێ بوو بە پەنابەر. ئەو یەکێك لە ڕەخنەگرترین گۆ ر ا نبێژ ە کا نی هەنووکەی ئێرانە کە بە لایەنگری لە ئازادی و لەقاودانی سیاسەتە دژەمرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی لە گۆرانییەکانیدا توانیویەتی سەرنجی جەماوەرێکی بەرین لە خەڵکی ئێران بەرەو خۆی ڕابکێشێ.

# منداڵانی بێبەش لە خوێندن و منداڵانی سەرشەقام



بەپێی نوێترین ئامارەکانی خودی کۆماری ئیسلامی، ٤/٥ میلیۆن منداڵ لە ئێراندا لە خوێندن بێبەشن واتە یەك لەسەر چواری هەموو منداڵانی ئێران. هەورەها بەپێی سەرچاوەیەکی نادەوڵەتی، ٥٨٠ هەزار منداڵی سەرشەقام لە ئێراندا هەن و ٢/٥ میلیۆن منداڵی دیکەیش مەترسیی ئەوەیان لەسەرە ببنە منداڵی سەرشەقام.

## زایەڵە

**باران**

### حیجابی بیست هەزار تمەنی

کۆماری ئیسلامی ڕۆژ نیە شتی سەیروسەمەرەی لێ روو نەدا، شتگەلێك کە مرۆڤ واقوڕماو دەکەن. تا دوێنێ بوو بە هەڕەشەوگوڕەشەکردن و تەنانەت تێزاوپاشین بە سەروچاوی کچان و ژنان دەیانویست ناچاریان بکەن کە ڕەچاوی حیجابی ئیسلامی بکەن، ئێستا هاتوون و پارە دەدەنە ئەو کەسەی حیجابەکەی ڕەچاو دەکات. لە زانکۆی عەلامە تەباتەبایی، بە هەر کچێك کە حیجاب ڕەچاو نەکات، بیست هەزار دەدەن تا ڕەچاوی بکات. ئەو زانکۆیە لە بواری جیاکردنەوەی کلاسەکانی دەرسی کوڕان و کچاندا تا ئێستا لە پێش زانکۆکانی دیکەدایە و وەك دەڵێن زۆربەی پڕۆژەکانی بەئیسلامیکردنی زیاتری زانستگاکان، سەرەتا لەو زانکۆیەدا تاقی دەکرێنەوە. بەم پێیە، وێدەچێ لە داهاتوودا ئەو پارەدانە بۆ ڕەچاوکردنی حیجاب، لە زانستگاکانی دیکەشدا بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە و لەوانەشە لە بیاڤەکانی دیکەیشدا جێبەجێ بکرێ.

ئەگەرچی لەوانەیە ئەم مەسەلە هێندە گەورە نەیێتەبەرچاو و بە ڕواڵەت هەر لە درێژەی هەوڵەکانی ئەو ڕێژیمە بۆ سەپاندنی دەرکەوتە مەزهەبییەکانی ئیدئۆلۆژییەکەی بەسەر کۆمەڵگادا بێتە بەرچاو، بەڵام هەر چۆنێك بێ نموونەیەکی بەرچاوی دیکەیە بۆ جەختکردنەوە لەسەر پەرەگرتنی بێسەروبەرەیی لە ڕێژیم و هەرچی زیاتر بە بنبەستگەیشتنی ئیدئۆلۆژیی ئەو ڕێژیمە. کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنەسەرکاری، بە پشتبەستنی بە توخمەکانی سیستمێکی توتالیتێر پێگەی دەسەڵاتەکەی توندتر کرد، بە شێوەیەك کە دەرکەوتنی تاڵەقژێکی ژنێك بە شێوەیەك لە شێوەکان دژی ئەو ئیدئۆلۆژییە لەقەڵەم دەدرا کە ستوونی سەرەکی سیستمەکە بوو. وەك لە هەموو سیستمەکانی هاوشێوەدا بینراوە، چاوەڕوان دەکرا بە تێپەڕینی کات و دەرکەوتنی ئەو ڕاستییە کە نەتەنیا مەدینەیەکی فازڵە نایەتە دی بەڵکوو کێشە و ئاریشەکان لە بوارە جیاجیاکاندا پتر و بەرینتر دەبنەوە و هەروەها بە چوونەسەرەوەی ئاستی تێگەیشتنی گشتی کۆمەڵگا و پەرەگرتن و خێراتربوونی زیاتری ئامرازەکانی پێوەندیی گشتی، توخمە پێکهێنەرەکانی توتالیتاریزم لەو ڕێژیمەدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لاوازتر ببن کە هەر وای لێهات. باوەڕی ئایینی خەڵك بە هۆی گەندەڵیی ئەو ڕێژیمە کە بەردی ئایین لە سینگی دەدا، لاوازتر بووە، شەڕی نێو دەسەڵات لەسەر پارەی خەڵك گەیشتووەتە ئەوپەڕی خۆی، بەشێکی زۆر لە باوەڕمەندانی مەزهەبی شێعە هەر خامنەییان وەکوو ڕێبەری خۆیان قەبووڵ نیە، بانگەشەکردن بۆ مەدینەی فازڵە کۆتایی پێ هاتووە و لەم بوارەدا تەنانەت ئاوی پاکیان کردووە بەسەر دەستی بەسیجییە توندڕەوەکانیشیان و زۆر هۆکاری دیکە کە هەموویان بوونەتە هۆی ئەوەی ئەو ڕێژیمە ئەوەندەی دیکە پێناسەهەڵنەگر بێ و خۆیشیان نەزانن کە چی دەکەن و بەرەو کوێ دەڕۆن.

چی بەسەر پڕۆژەی خاوێنکردنەوەی زانستگا لە مامۆستایانی جیابیر هاتووە، هەر ئەو چارەنووسە چاوەڕێی پڕۆژەی دانی پارە بە ژنان بۆ ڕەچاوکردنی حیجاب دەکات. ئەوا سی و چەند ساڵە هەر مامۆستای جیابیرە کە لە زانکۆکان دەردەکرێت و فیلتێرەکانی وەرگرتنی خوێندکار و مامۆستا توندوتۆڵتر دەکەن، کەچی هەر بە کۆتایی کار نەگەیشتوون و نەیانتوانیوە بەو جۆرەی خۆیان دەڵێن سەرکەوتوو بن، چوونکە بەشێك لە خوێندکارەکان و مامۆستاکان لە ڕووی ناچارییەوە وادەنوێنن کە باوەڕیان بە ڕێژیم هەیە و لە کردەوەدا بەنیسبەتی زۆر بێباوەڕن و تەنانەت بە دوژمنیشی دەزانن.